http://jgarmianuniv.net https://doi.org/10.24271/garmian.38

# كێشە پەروەردەییەكانی خوێندنی كوردی لە ناوچە كوردستانیەكانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم "ناوەندی قەزای خانقین وەك نمونە"

كريم احمد عزيز
زانكۆی گەرمیان / كۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت

## پوختەی :

ئەگەرپەروەردە بەوێنەی ژیان وێنا بكەین، ئەوا ژیان بەبێ كێشە نابێت. بەتايبەت لەسێكتەرێكی گرنگی وەك پەروەردە كە بەركەوتنی ڕاستەوخۆی لەگەڵ مرۆڤی ئاقڵ وبفامدایە، هەر بۆیە گرنگیدان بە زانینی كێشەكان و دیاریكردنی چۆنێتی وچەندێتی كێشەكە فاكتەرێكی گرنگە بۆ ڕاستكردنەوەی ڕەوت وئاڕاستەی پەروەردە بەرەو ئاقاری درووستی خۆی، ئەم توێژینەوەیە كە بەناونیشانی:(كێشە پەروەردەییەكانی خوێندنی كوردی لە ناوچە كوردستانیەكانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم (ناوەندی قەزای خانقین)وەك نمونە وەرگیراوە، تێدا توێژەر هەستاوە بە خستنەڕووی كێشە پەروەردەییەكانی/خوێندنی كوردی ،ئەمەش لەرێگەی فۆرمێكی ڕاوەرگری كە پێكهاتبوو لەدوو بواری یەكەمیان /كێشە كارگێڕیەكان و بواری دووەم/كێشە فێركاریەكان كە پێكهاتبوو لە (٢٠)بڕگە، هەروەها لە توێژینەوەكە كێشە وئامانج وگرنگی و كۆمەڵگە ونمونە توێژینەوە خراوەتەڕوو لەگەڵ ڕوونكردنەوەی گرنگترین چەمكەكان وباگراوەندێكی تیۆری توێژینەوەكە ، لەگرنگترین ئەنجامەكانیش بریتی بوون لە (گرنگی نەدان لەلایەن وەزارەتی پەروەردە بە كێشە مادییەكانی پەروەردەی ناوچەكە ، كێشەی گرنگی نەدان بە ژێرخانی پەروەردەیی ، هەروەها نەگونجاوی پرۆگرامی خوێندن لەگەڵ ئاستی قوتابی و ژینگەی فێركاری، لەگەڵ كێشەی وەرگرتنیان لە زانكۆ وپەیمانگەكان و، جیاوازی موچەی مامۆستایانی خوێندنی كوردی میلاكی حكومەتی ناوەندی بەراورد بەحكومەتی بەهەرێمی كوردستان و، نەگونجاوی ڕێنماییەكان لەگەڵ داكەوتی ژینگەی فێركاری ، لەكۆتاییدا توێژەر چەند پێشنیار و ڕاسپاردەیەكی خستوەتەڕوو، بەوهیوایین سوود لە ئەنجام وڕاسپاردەكانی ئەم توێژینەوەیە وەربگیرێت .

## بەشی یەكەم: ناساندنی توێژینەوە

**كێشەی توێژینەوە Problem of the Research:** هەر كۆمەڵگە ودەوڵەتێك هەوڵدەدات لەڕێگەی چەندێتی ئەو زانیاری وداتا وتوێژینەوانەی ئەنجامی دەدات چارەسەری گونجاو بۆ كێشەكانی بدۆزێتەوە( الشيخ، ٢٠٠٧، ٥)، سەرەتای درووست بۆ ڕووبەڕووبونەوەی هەر ئاستەنگ وكێشەیەك لەنێو ڕەگەز و پێكهاتەكانی پرۆسەی پەروەردە بریتیە لە دۆزینەوەی چارەسەری گونجاو بۆیان، ئەویش لەرێگەی پەیبردن و زانینی كێشەكە دەبێت( فهمی ومحمود،١٩٩٣، ١٧٢)، پەروەردە وەك سێكتەرێكی گرنگی ژیان لەنێو كۆمەڵگەكان لەبەر ئەوەی مامەڵەی لەگەڵ زۆرترین هاوڵاتیانی بفام (فامیدە) دەكات، بۆیە بەردەوام ڕووبەڕووی كێشە پەیوەندیدارەكان دەبێتەوە ئیدی لەڕووی پرۆگرام بێت یان پێگەیاندنی مامۆستا یان قوتابی یان كارگێڕی یاخود فێركاری..تاد. خوێندنی كوردی لەمێژە لە عێراقدا كێشەی هەیە،تەنانەت لەوكۆبونەوە و نوسین و ڕاپۆرتە فەرمیەكانی حكومەتی بەعسیش لەناوچوو ئەم كێشەیە ئاشكراكراوە،(كۆماری عێراق،١٩٨٧، ٦٤ )،(كۆماری عێراق،١٩٨٨، ٣٧ ) هەروەها ئەم ڕاستیەش لەئامارەكانی پەروەردەی

عێراق دەردەکەوێ (وزارة التربية العراق،٢٠٠٣-٢٠٠٤) و دیراسەکانی (الونداوي،٢٠٠٧)، قەزای خانقین وەك شارو شارۆچەکە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان بە زۆر هەوراز و نشێوی باری سیاسی و کۆمەلایەتی و ئابووری و ڕاگواستن لەمێژوویدا گوزەری کردوە کە هەموو ئەو ناهەمواریانە کاریگەری و ڕەنگدانەوەی لەسەر سێکتەرێکی گرنگی وەك پەروەردە کەڵەکە کردوە، توێژەریش وەك مامۆستایەکی زانکۆ لە سنووری گەرمەسێر ڕۆژانە بەرکەوتنی لەگەڵ مامۆستایانی سێکتەری پەروەردە هەیە بەتایبەت ئەوانەی لەزانکۆی گەرمیان/دەوامی ئێواران درێژە بەخوێندنی زانکۆیی دەدەن، باس لە گرفت وکێشەکانیان دەکەن، لە لایەکی ترەوە توێژەر هەستاوە بە ئەنجامدانی ڕاپرسیەکی سەرەتایی و چاوپێکەوتن لە ناوچەی توێژینەوە بەشداربوان گەلێك کێشەیان خستوەتە ڕوو( بڕوانە پاشکۆی ١)، هاوکات ئەوەندەی ئاگاداریمان لە ڕاگەیاندنی بینراو بیستراو هەبێت هەر لە نوسین و وتارەکان لەنێو تۆڕەکۆمەلایەتیەکان و ڕۆژنامە وگۆڤارەکان کە لە ناوچەی توێژینەوە دەردەچن دووچاری کێشەگەلێکی پەروەردەیی بوەتەوە ، لەڕاستیدا ئەمەش بوو بە پاڵنەرێك توێژەر ئەم توێژینەوەیە ئەنجام بدات .

**گرنگی توێژینەوە** Importance of the Research : پێشخستنی پرۆسەی پەروەردە لەهەر ولاتێکدا بە دەستنیشانکردنی کێشە وئاستەنگیەکانی بەشێوازی زانستی دەستپێدەکات کە تێدا ڕەگەزەکانی نێو پرۆسەی پەروەردەیی بخرێنەڕوو لە پرۆگرام و بڕیارلێدراوی خوێندن ومامۆستا و قوتابی وئامرازە و پێداویستیە فێرکاریەکان و بواری هەڵسەنگاندن وتاقیکردنەوەکان (خاطر،١٩٨٩، ٧٣)، ئەمەش لەپێناو ئەوەی سیستمی پەروەردە و فێرکردن دوانەکەوێت لەو گۆڕانکاریانەی کە پلانی گەشە پێدانی ئابووری وکۆمەلایەتی دەوڵەت دەیگرێتە بەشێوەیەکی گشتگیرانە (سلطان، ١٩٨١، ٢٥)، نەتەوەکان بەدرێژایی مێژوو هەوڵی مانەوە و پاراستنی شوناسی خۆیان داوە لەڕێگەی گرنگیدان بە زمان وکلتوور ونشتیمانیان، چونکە زمان ئامرازی لێکەیشتن ودەربڕین وتۆماری کەلەپووری عەقلی نەتەوەکانە، هەموو دەستکەوتە شارستانی وهونەری وئەدەبیەکانە لەتۆماری زماندا پارێزراوە،بەم پێیەش زمانی نەتەوە ئاوێنەیەکە تێدا تایبەتمەندیە هزری و ڕۆشنبیری و شێوازی بیرکردنەوە نەتەوە پیشاندەدات( البجه،٢٠٠٠، ١٥) ئەم پرۆسەیی شوناس لەڕێگەی گرنگیدان بەزمانی نەتەوە لەرێگەی دامەزراوەیەکی گرنگی وەك پەروەردەوە دەبێت ، ئەویش بە دانانی پرۆگرامی گونجاو و دەستەبەرکردنی ئامراز و پێداویستیە فێرکاریەکانی لەپێناو جێبەجێکردنی ئامانجەکان ( دروزه ،١٩٩٩، ٥٤ – ٥٥ )، ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم لەگرنگترین ئەو ناوچانەن پێویستیان بە خزمەتکردنی پەروەردەیی و بەرزکردنەوەی هەستی نەتەوەیی و دانانی پرۆگرامی گونجاو و پێگەیاندنی مامۆستای خاوەن بەرزترین شیاوی زانستی وپیشەیی و بڕیار و ڕێنمایی تایبەت هەیە، بۆ ئەوەی بخرێنە شاڕێگەی درووست و کاروانی پێژڤەچوون، قەزای خانقین وەك شارێکی سنووری گرنگی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی حکومەتی هەرێم لەمێژوودا بە شاری مامۆستایان دەناسرێت (انترنیت، محمد، ٣) زیاد لە پێویست تینووی لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی زانستیە، ئەوەی گرنگی ئەم توێژینەیە دەردەخات دەستنیشانکردنی کێشەکانی سێکتەری پەروەردەیە لە ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم"قەزای خانقین "، هاوکات زانینی چارەسەرەکانە لەڕوانگەی کاراکتەری سەرەکی نێو پرۆسەکە کە مامۆستایانن، ئەمە سەرەڕای بە پێی زانیاریەکانی توێژەر توێژینەوەیەکی هاوشێوەی نەبینیوە ، توێژەر دەتوانێت گرنگی توێژینەوە لەم خالانەی خوارەوە بخاتەڕوو:-

- ئاشناکردنی بەڕێوەبەرێتی پەروەردەی خانقین بە کێشە پەروەردەییەکانی سنوورەکەی .

- سوود وەرگرتن لەئەنجامەکانی توێژینەوەکە لە لایەن وەزارەتی پەیوەندیدار بۆ کارئاسانی چارەسەرکردنی کێشەکان .
- هەریەکە لە سەرپەرشتیاران و بەڕێوەبەرکان و مامۆستایان دەتوانن سوود لەئەنجامەکانی توێژینەوە وەربگرن، هەوڵ بدەن ئەوەی پەیوەندی بەوانەوە هەیە خەوشیەکانی بڕەوێننەوە و باشیەکانی گەشە پێبدەن .

**ئامانجی توێژینەوەکە:** The Aims of the Research **:** ئامانجی توێژینەوەکە دەرخستنی کێشە پەروەردەییەکانی خوێندنی کوردی لە ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم (خانقین وەك نمونە) بۆ ساڵی خوێندنی ٢٠١٦-٢٠١٧ز.

**سنووری توێژینەوەکە** limits of the Research **:** سنووری توێژینەوەکە کورت دەبێتەوە لەو کێشە پەروەردەییانەی خوێندنی کوردی لە (ناوەندی قەزای خانقین) بۆ ساڵی خوێندنی ٢٠١٦-٢٠١٧.

**ناساندنی چەمکەکان** Definitions of Terms

**کێشە** The Problem (لەفەرهەنگی (Good) دا هاتووە بەمانای هەر هەڵوێستێکی گرنگ یان شێواو یاخود هەر ڕێگرییەکی ڕاستەقینە یان دروستکراو کە پێویستی بە چارەسەر و بیرکردنەوە دەبێت .Good، 1973، 111)

لەفەرهەنگی (Oxford)دا هاتوە: بریتییە لە شتێك ئەستەمە تێگەیشتن و مامەڵەکردن لەگەڵیدا .(Oxford ، 2005، 1008)

**پێناسەی کاڕایی توێژەر:** هەڵوێستێکی نادیارە و پێویستمان بەزانیاری هەیە لەڕووی چۆنێتی وچەندێتیەوە .

**کێشەی پەروەردەیی:** بریتییە لە ئاستەنگەلێك کە ڕووبەڕووی ڕەگەزەکانی نێو سیستمی پەروەردە دەبێتەوە بەتایبەت مامۆستایان، ئیدی بەهۆی کەم توانایی بێت لەڕووی مەعریفی یان مادی یان مرۆیی یاخود هەر هۆکارێکی دیکە هەموو ئەو هۆکارانەش کار لەسەر سەرنەکەوتنی پرۆسەی فێرکاری بەدرووستی دەکەن( أبو عواد، ١٩٩٤، ١٦).

**پێناسەی ڕێکاری توێژەر:** مەبەست لە چۆنێتی و چەندێتی هەبوونی ئەو کێشە پەروەردەییانەیە لەڕووی(کارگێڕی و فێرکاری) کە لەناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان"قەزای خانقین "دا هەیەو، بوون بە ئاستەنگ لەبەردەم بەرەو پێشچوونی خوێندنی کوردی لە ناوچەکە.

**خوێندنی کوردی:** مەبەست لە پەیڕەوکردنی سیستمی خوێندنی کوردی هەرێمی کوردستانە لە پەیڕەو و پرۆگرامی گشت ئەو قوتابخانانەی ناوچەکەیە کە پاش ساڵی ٢٠٠٣ بەڕێوەبەرایەتیەکیان بۆ دامەزراوە سەر بە بەڕێوەبەرێتی گشتی پەروەردەی گەرمیانە( انترنیت ، محمد ،٣) .

**ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان:** بریتیە لەو ناوچانەی لە ٢٠١٤/٧/١١ەوە لە لایەن هێزی پێشمەرگەوە ڕزگرکراون لەجەنگی دژ بەتیرۆر(داعش)پاش بەدەستەوەدانی لەلایەن هیزە عێراقیەکان لە ناحیەیی ڕەبیعەی پارێزگای موصل دەست پێدەکات بە ڕۆژئاوای کەرکوکەوە دەڕوات تاوەکو دەگاتە باشووری ڕۆژئاوای شاری خانقین( انترنیت، **www.iraqpressagency.com**) .

**خانقین:** قەزایەکە دەکەوێتە باشووری ڕۆژهەڵاتی سنووری هەرێمی کوردستانەوە،هەروەها دەکەوێتە باشووری ڕۆژهەڵاتی شاری کەلار، لەهەندێك کاروباردا سەر بە ئیدارەی گەرمیانە وبەفەرمی سەر بە (پارێزگای دیالی) یە، ڕووبەری ئەم

قەزایە ٣٩١٥کم٢ وکەش وهەوایەکی گەرمی هەیە لەهاویندا ، بۆیە بە یەکێك لە ناوچەکانی گەرمەسێر دادەنرێت، زۆرینەی دانیشتوانی ئەم شارە کوردن لەئاینزای شیعە وسوونە وچەند ئاین وئاینزایەکی تری تێدایە وەك مەسیحی وسابئە ومەندائی وکاکەیی.( عەزیز،٢٠١٣، ٦١ )

## بەشی دووەم: باگراوەندی تیۆری توێژینەوە

سیستمە فێرکاریەکان لەهەر ولاتێکدا بەدەرنین لە کێشە، چونکە پانتاییەکی فراوان و هەمەلایەنەی هەیە وبەرکەوتنی لەگەڵ چەندین ڕەگەز سیستم و مامۆستا و پرۆگرام و قوتابی وکارگێڕی...تاد هەیە، تەنانەت بەرکەوتنی لەگەڵ سیستمی کۆمەلایەتی و ئابووری باوی سیاسی دەبێت و هەموو پێکرا کاریگەریان لەسەر پەروەردە دەبێت .(الشراح،٢٠٠٢، ٢١٧ ) ئەگەر تێبینی ڕاپۆرتەکانی ڕێکخراوی جیهانی نەتەوە یەکگرتوەکانی unesco تایبەت بە پەروەردە و زانست و رۆشنبیری هەمیشە ناوی ولاتی عێراق ی لەڕیزبەندی ولاتانی دواکەوتوو و خاوەن کێشەی دەهێنێت بۆ نمونە لە نوێترین ڕاپۆرتیدا ئاماری ئەو مندلانەی تەمەنیان گەیشتوەتە قوتابخانە و پەیوەندیان بە قوتابخانەوە نەکردوە و ئەگەری نییە بڕۆن لەبنەڕەتی ٤٤٪و لە ئامادەیی ٢٧٪ (الیونسکو،٤-٧ ) ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان بەدەرنین لەو کێشە پەروەردەییانەی کە لەعێراقدا هەن،چونکە لەڕووی بەڕێوەبردنەوە ئەگەرچی بەشێکی سەر حکومەتی هەرێمی کوردستانە ،بەلام بەشێکی تری بەلایەنی پەروەردەییشەوە سەر بەحکومەتی ناوەندین، دیارە حکومەتی ناوەندیش کەمترین خزمەتگوزاری پەروەردەیی پێشکەش بەو ناوچانە کردوە لەڕووی ژێرخانی پەروەردەیی( وزارة التربیة،٢٠٠٣-٢٠٠٤،ص٥٨ ) دیارە فاکتەری سەرەکی کێشە پەروەردەییەکان لە هەر ولاتێکدا بە پێشکەوتوەکانیشەوە کەمی کادیری کارامە ولێهاتو و خاوەن شیاوییە زانستی وپیشەییەکانە لەبوارەکە (سلطان، ١٩٨٠، ٣٦ )

کێشەی پەروەردەیی: هەر ئاستەنگ و گرفتێك، ئیدی ئابوری بێ یان کۆمەلایەتی یان تەندروستی، لاوەکی بێ یان فەرمی، پەیوەندی بە سیستمی پەروەردەوە بێ یان قوتابخانە یان ستافی بەڕێوەبەرێتی و فێرکاری، ببێتە ڕێگر لە بەردەم بەدی هاتنی ئامانجە پەروەردەیی و فێرکارییەکان، پێی دەوترێت کێشەی پەروەردەیی.( عزیز،٢٠٦،٢٠١٤ ) لەڕاستیدا کێشەی پەروەردەیی کاتێك دروست دەبێ، هەندێ شوێنکارو کاریگەری بەجێ دەهێڵێت، بۆیە ئەگەر کێشە پەروەردەییەکان لە قۆناغەکانی سەرەتاییدا چارەسەری گونجاویان بۆ نەدۆزرێتەوە، ئەوا پەل دەکێشێت بۆ لق و بەشە جیاوازەکانی نێو دەزگاکەو دواجاریش دەبێتە هۆی ماتبوون و پەککەوتنی چالاکی دامەزراوەی پەروەردەیی،( علی، ١٩٨٢، ٥٠ ) بە شێوەیەکی گشتی گرنگترین ئەو هۆکارانەی دەبنە کێشە و دووچاری سیستمی پەروەردە و فێرکاری دەبێتەوە:

- هۆکارەکانی نەبوونی کەسی کارامە ولێهاتوو خاوەن شیاویی کارگێڕی بۆ بەڕێوەبەری قوتابخانەکان :

أ/ هۆکاری کەسێتی

١- خۆلادانی مامۆستا نمونەییەکان بۆ کارکردن لە بواری کارگێڕی قوتابخانەکان .

٢- داواکردنی دەستلەکارکێشانەوەی بەڕێوەبەرەکان لەکۆتایی ساڵی خوێندن و خوازیاری گەڕانەوە بۆ پیشەیی وانەوتنەوە و برەودان بە چالاکیەکانیان کە لایەنی کارگێڕی دەستی گرتوون .

٣- کەمی پاڵنەر ، تێبینی کراوە کەسانی کارگێڕی هەموو تواناکانیان بەگەڕناخەن لە بواری کارکردنیان .(رزق الله،٢٠٠٠، ١٢٦-١٢٩ )

ب/ هۆكاری پێدانی دەسەلاَتی كارگێڕی ومادی بە بەڕێوەبەرەكان :

- نەبوونی دەسەلاَتی كارگێڕی بە بەڕێوەبەری قوتابخانەكان .
- نەبوونی دەسەلاَتی مادی وسەرەفكردن لەقوتابخانەكان .(الحقیل،١٩٩٣، ١٠٩)

ج/ هۆكاری بینای قوتابخانە: زۆرینەی قوتابخانەكان كێشەی بینای قوتابخانەیان هەیە، لەڕووی دیزاین و نۆژەنكردنەوە و مەرجی تەندرووستی و گرنگی نەدان بە ژووری ئامڕازە فێركاریەكان و هۆڵی چالاكی و ئامێری ڕووناكی و بوونی كتێبخانە تێیاندا (باقارش و الآنسی، ١٩٩٦، ٨٣)

د/ هۆكاری پەیوەندیدار بە دایەبابەی قوتابی: چاودێری نەكردنی بەردەوام لەلایەن دایەبابە بۆ مناڵەكانیان لەقوتابخانە ، ئامادەنەبوونیان لە كۆبوونەوە و بانگهێشت كردنەكانیان كە لە لایەن بەڕێوەبەرێتی قوتابخانەوە ڕێكدەخرێت ، هەروەها هەندێك هۆكاری تایبەت بەخانەوادەی قوتابی وەك لەدەستدانی باوك یان دایك ، جیابونەوە ، كێشەی خێزانی ،گرفتی دارایی خێزانەكان كە هەندێك جار كاركردنی قوتابیان ، دووری قوتابخانە لە ماڵی قوتابی ..لەكێشەكانی پەیوەندیدار بەخانەوادەی قوتابین بە پێی ئامارە نوێیەكانی ڕێكخراوی جیهانی unico سەر نەتەوە یەكگرتوەكان پاش ولاَتانی یەمەن وجیبوتی ولاَتی عێراق ڕیزبەندی سێیەمین ولاَتی گرتوە لە پەیوەندی نەكردنیان بەدامەزراوە پەروەردەییەكانی پێش چوونە قوتابخانە ٨٣٪ پەیوەندیان نەكردوە( ڕا پۆرتی ڕێكخراوی جیهانی یونسكۆ).

ه/ هۆكاری تایبەت بە سەرپەرشتیاری پەروەردەی : لەڕاستیدا تاوەكو هەنووكە قوتابخانەكان لە كاری سەرپەرشتیاری نوێ و درووست بێبەشن ، كە پێویستە كار لەسەر چەمكەكانی متمانە و هاوكاری و هەماهەنگی نێوان بەڕێوەبەرێتی قوتابخانە وماموستایان بكات (الحقیل،١٩٩٤، ١١٩)

و/ هۆكاری پەیوەست بە پرۆگرام: نەگونجاوی پرۆگرام لەگەڵ پڕكردنەوەی پێداویستییەكانی خوێندكاران، ئەمانەش وادەكەن وەلاَمدانەوەی گونجاو بۆ دامەزراوە و سیستمی فێركاری نەنوێنرێت. . ( قراقزە،١٩٩٣، ١٠٩، ١١٠)

- ئەو كێشانەی پەیوەندییان بە مامۆستاو بەڕێوەبەرێتی قوتابخانەوە هەیە: هەندێجار كێشە لەناو قوتابخانەدا دروست دەبێ، پەیوەندی بە ستافی فێركاری (مامۆستا)و بەڕێوەبەرێتی خوێندنگاوە هەیە، لاوازی ئاست و توانای زانستی و پیشەیی و كەسێتی مامۆستا، هۆكارێكە بۆ دروستبوونی تێڕوانینی نێگەتیڤ بەرامبەر بە مامۆستا، وەك ئامادە نەبوون بۆ گوێ ڕادێریكردن لە وانەكەی و ڕێز نەگرتن و پەیوەست نەبوون بە ڕێنمایی‌و ئامۆژگارییەكانی( الدراجی،٢٠٠٤، ٦٠)، هەروەها بەم هـۆكارانەی خوارەوە مامۆستا دەبێتە هۆی كێشە :

١. دەستێوەردانی مامۆستایەك لە كاری زانستی و پەروەردەیی و فێركاری مامۆستایەكی تر.
٢. گەیاندنی پەیام‌و قسەوباسی كۆبوونەوەی ستافی مامۆستایان و بەڕێوەبەرێتی قوتابخانە بە خوێندكار، بە هەر هۆیەكی وەك: خزمایەتی، كەسایەتی... دەبێتە هۆی كێشە.
٣. بوونی مامۆستایەكی زۆر نەرمونیان یا زۆر توندوتیژ لە هەڵسوكەوتكردندا، دیسان كێشەی لێ دەكەوێتەوە.
٤. بوونی مامۆستایەك، كە گوێ نەدا بە كێشەو پیشەو كارەكەی و لێپرسینەوە لەگەڵ خوێندكارەكانیدا نەكا.
٥. خۆنزیككردنەوەی هەندێ مامۆستا لە چەند خوێندكارێك لە پێناو بەرژەوەندی تایبەت، كاریگەری نادادوەری لە كاری زانستی مامۆستاكە دروست دەكا.

٦. هەندێجار بەڕێوەبەرێتی خوێندنگا دەبێتە هۆی كێشە بە لایەنگیریكردنی بۆ مامۆستایەك لە ڕاستی و ناڕاستیدا.(عزیز،٢٠١٤، ٢٠٨ )
٧. كەم ئەزموونی هەندێ مامۆستا، بەتایبەتی تازە دامەزراوەكان، لە چۆنێتی هەڵسوكەوت لەگەڵ خوێندكارەكانیان و ڕێكخستنی كاری پیشەیی خۆی دەبێتە هۆی كێشە.
٨. بوونی هەندێ مامۆستا، كە باوەڕی بە پیشەكەی نییە دەبێتە هۆی كێشە.
٩. كەمی شارەزایی مامۆستا لە ڕێگاكانی وانەوتنەوەو پلاندانان و بەدیهێنانی ئامانجەكان، دیسان كێشەی مامۆستا دەبێت لە بەڕێوەبردنی پۆل. ( مخامرة،٢٠١٢، ١٥٠)
١٠. لاوازی مامۆستایان لە زانستی پێوانەو هەڵسەنگاندن بەوەی وەك ئامرازێك بەكاری دەهێنن بۆ سزادانی خوێندكارەكان یا خۆسەپاندن، زۆرجار كێشە بۆ بەڕێوەبەرێتی و سیستمەكەش دروست دەكات.

دووەم / ئەو كێشانەی پەیوەندییان بە خوێندكارەوە هەیە: هەر كێشەو ئاستەنگێك لە نێو پرۆسەی فێركاری و فێربووندا ڕووبدا، دەرئەنجامەكانی كاریگەری دەبێ لەسەر خوێندكار بە ڕاستەوخۆ بێ یا ناڕاستەوخۆ، دەتوانین ئەم خاڵانەی لای خوارەوە بەو كێشانە ناوبەرین، كە كاریگەرییان لەسەر خوێندكار دەبێ:

١. ناتەواوی قوتابخانەو شوێن و پێداویستییە خزمەتگوزاری و فێركارییەكان تێدا، كاریگەری لەسەر خوێندكارو پرۆسەی فێربوون دروست دەكا.( علی،١٩٨٢، ١٠٩)
٢. ڕۆڵی خێزان و بەخێوكەری خوێندكار فاكتەرێكی گرنگن بۆ دروستكردنی پاڵنەر بۆ فێربوون یان لاوازكردن و ساردكردنەوەی.
٣. پرۆگرام و بڕیارلێدراوی خوێندن و كاتی دەوامكردن لە فاكتەرەكانی بەردەوامیدان، یا وازهێنانی خوێندكارن لە خوێندن.(الحازمی،٢٠١٢، ٢٢٠ )
٤. شێوازو میكانیزمی هەڵسەنگاندن، فاكتەرێكی كاریگەرن لەسەر خوێندكار.(احمد والمغیصیب،١٩٨٨، ١٤)
٥. جێبەجێ نەكردنی یاساو ڕێساكانی قوتابخانەو چارەسەرنەكردنی كێشەكانی خوێندكار ئاستەنگێكی ترن بۆ خوێندكار.
٦. كێشە ئابوری و ڕۆشنبیری و كۆمەڵایەتییەكانی خوێندكار فاكتەرێكی تری دروستبوونی كێشەیە. ( عزیز،٢٠٩،٢٠١٤ )
٧. هۆكارە فسیولۆژییەكان: ئەم هۆكارانە تایبەتن بە هەندێك ناتەواوی جەستەیی لەوانەش: ناتەواوی چاو، ددان، خراپی تەندروستی، تایبە تمەندی هەرزەكاری و...تاد.
٨. هۆكارە كەسێتی و كۆمەڵایەتییەكان: وەك ئارەزووی خۆ دەرخستن و لادان و سەپاندنی خودو نەتوانینی زاڵبوون بەسەر ئەنجامەكان، ئەمانەش فاكتەری سایكۆلۆژین. ( قراقزە،١٩٩٣، ١١١)

گرنگترین ئەو كێشانەی دووچاری قوتابخانەو دەزگا فێركارییەكان دەبێتەوە:

أ. جۆری تاكی. ب. جۆری كۆمەڵەیی.

أ. جۆری تاكی: ئەم جۆرەش لە جۆرە باو وبڵاوەكانە، وەك:

١. ئاژاوەگێڕی (الشغب): کردارێکی دوژمنکارانەیە لەلایەن قوتابییەوە دەردەکەوێ، بەرامبەر بە هاوڵەکانی یان مامۆستاکانی، ئەمەش بۆ هۆکاری دەروونی و کۆمەڵایەتی یان جەستەیی وشکستی قوتابخانەیی دەگەڕێتەوە، سزاش سوودی نابێ لەم حاڵەتانەدا، بەڵکو پێویستە بەدوای هۆکارو چارەسەردا بگەڕێن .(عزیز،٢٠٩،٢٠١٤)

٢. هەڵاتن (الهروب): لەم حاڵەتەدا قوتابی ئارەزووی هەڵاتن و دەرچوون لە ژینگەی قوتابخانە دەکا، ئەمەش ڕەنگە بۆ چاودێری نەکردنی خێزانی و شکستی بەردەوامی قوتابخانەیی قوتابییەکە بگەڕێتەوە، بۆیە پێویستی بە ڕەخساندنی کەش و باری گونجاوی ناو قوتابخانەو چالاکی جۆراوجۆرو بەرنامەی پەروەردەیی تایبەت بە پڕکردنەوەی حەزو ئارەزوو و پێداویستییەکانی قوتابی هەیە، بۆ چارەسەرکردنی ئەم گرفتە. (الکندری،٢٠١٠، ١٦)

٣. دزیکردن (السرقە): قوتابی بەم کارە هەڵدەستێ، لە کاتی هەستکردن بەوەی هیچ شتێك موڵکی ئەو نییە، یاخود بە مەبەستی تۆڵەسەندنەوە لە هاوڕێکەی... تد، ئەم کارەش بە گەڕان بەدوای ئەو پاڵنەرانەی وا لە قوتابی دەکەن چارەسەر دەکرێ.(النیر،١٩٨٠، ١٦)

٤. قۆپیەکردن لە تاقیکردنەوە (الغش فی الامتحان): قوتابی بەم کارە هەڵدەستێ لەکاتێکدا، کە سیستمی تاقیکردنەوە مۆرکی توندوتیژی و سەپێنەری هەڵگرتبێ و لەسەر دەرئەنجامی نمرەو لەبەرکردن، بۆیە قوتابی بۆ بەرەنگارەبوونەوەی ئەم دۆخە پەنا بۆ قۆپیەکردن دەبا، ئەمەش بە گۆڕانکاریکردن لە سیستمی تاقیکردنەوەو گونجاندنی لەگەڵ ئامانجەکانی پەروەردەی هاوچەرخ، چارەسەر دەبێت.(حسون،٢٠١٠، ٤)

٥. تێکدانی کەرەستەکانی قوتابخانە (تدمیر الاثاث المدرسی): ئەمەش لە ئەنجامی ئەو دەسەڵات و یاساو ڕێسایانەی کە لەنێو قوتابخانەدا بەرامبەر بە قوتابیان بەکاردێ، لە بەرامبەردا قوتابی هەستی تۆڵەسەندنەوەو خاپوورکردنی قوتابخانەی لا دروست دەبێ. بۆ چارەسەرکردنی ئەم دۆخە پێویستە بەڕێوەبەرو مامۆستایان، بە ڕێنمایی چڕو کاریگەر، خوێندکاران ڕابێنن لەسەر ئەوەی هەموو ئەو کەرەستانەی ناو قوتابخانە موڵکی خۆیان و نەوەی پاش ئەوانە، واتە موڵکی گشتییە، نەك مامۆستاو بەڕێوەبەر، بۆیە پاراستنیان ئەرکی هەمووانەو ڕێزگرتنە لە قوتابخانە.(الکندری،٢٠١٠، ١٥- ١٧)

ب. جۆری کۆمەڵەیی: ئەم جۆرەیان دیاردەیەکی نوێیەو مەترسی لەسەر دەزگاکە (کۆلێژ، پەیمانگە، قوتابخانە) دەبێ، چەند هۆکارێکیش هەن لەبەردەم دەرچوونی بەکۆمەڵ گرنگترینیان:

١. ماتبوونی سیستمی فێرکاری (جمود النظم التعلیمیة): زۆرجار سیستمی فێرکاری یارمەتی خوێندکاران نادا بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییەکانیان و دروستکردنیان و ئامادەکردنیان بۆ ژیان، لەگەڵ زۆری ژمارەی خوێندکاراندا، پەیوەندی مرۆیی نێوان مامۆستاو قوتابی لاواز دەبێ، بەجۆرێ خوێندکار ناوی مامۆستایانی قوتابخانەکەی نازانێ، هاوکات قوتابخانەش لایەنی ئاڕاستەو ڕێنمایی لەدەست دەدا، لەم کاتەدا خوێندکاران هەست بە بێزاریو پەراوێزخستن دەکەن، هەموو ئەمانە وا لە خوێندکاران دەکەن لە سیستمی قوتابخانە دەربچن، لەم کاتانەشدا وا پێویست دەکا، چاو بە سیستمی فێرکاری و پەروەردەییدا بخشێنرێتەوە، تاکو بتوانێ خواستو پێداویستییەکانی خوێندکاران دابین بکاو دوودڵییان بڕەوێنێتەوە.(عزیز،٢١١،٢٠١٤)

٢. لەرزۆکبوونی پایەی مامۆستا (اهتزاز رتبة المعلمین): لە کۆمەڵگە پارێزەکاندا مامۆستا پایەو ڕێزێکی مەزنی دەدرایە پاڵ، بەجۆرێك دەسەڵات و پێگەیەکی شیاوی بەسەر قوتابی و کۆمەڵگەدا هەبوو، بەڵام لەسەردەمی هاوچەرخدا بە هۆی لاوازی لە پێگەیاندنی دروستی مامۆستایان و کەمی شارەزاییان لە بواری پسپۆڕیان، چەند هۆکارێکی تر ئەو پێگەو

دەسەڵاتەیان لەدەست داوە، ئەمەش وا دەخوازێ ئاستی پێگەیاندنی پیشەیی و زانستی مامۆستایان بە هەند وەربگیری و هەوڵی پەرەپێدانی زیاتری بدرێ( عزیز، ٢٠١٧، ٢٢٣ ) .

٣. لاوازی هاوکاری نێوان بەخێوکەرو مامۆستایان (قلة التعاون بين المربين والمدرسين): نەبوونی پەیوەندی نێوان بەخێوکەری قوتابی و مامۆستایان، کەشێکی نادروست بەرهەم دێنێ، بە جۆرێك ناتوانرێ چارەسەری گونجاو بۆ ئەو گرفتانەی دێنە بەردەم قوتابی و خوێندنگا بدۆزرێتەوە، دواجار ڕێنمایی‌و ئاڕاستەی دروست بکرێن، نەبوونی هەموو ئەمانە دەبێتە هۆی لادان و دەرچوونی خوێندکاران لە سیستم و پەیوەست نەبوون پێوەی( مخامرة، ٢٠١٢، ١٣٥ ).

٤- کێشەکانی بواری هەڵسەنگاندن( تاقیکردنەوەکان ): هەر کاتێك ئامڕازەکانی هەڵسەنگاندن بوون بە مەبەست لەلایەن مامۆستاوە بەکارهێنران ئەوکات لەچوارچێوەی زانستی وپەروەردەیی دەردەچێت ودەبێتە کێشە. هەروەها شارەزایی نەبوونی مامۆستایان لەدانانی تاقیکردنەوە هەڵبژاردنی جۆری تاقیکردنەوەی گونجاو ودابەشکردنی نمرە وکات و ڕێوشوێنی ئەنجامدانی دیسان دەبێتە کێشە، ئەمەو جەختکردنەوە تەنها لەسەر ڕۆژی تاقیکردنەوە وەلانانی چالاکیەکانی پۆل و دەرەوەی پۆل دیسان کێشەی هەڵسەنگاندنی لێدەکەوێتەوە( عزیز، ٢٠١٢، ٨٥ ) .

٥- خراپ بەکارهێنانی خوێندکاران لەلایەن ڕێکخراوە پیشەیی و خوێندکارییەکان: هەندێك لە ڕێکخراوە قوتابی و پیشەییە حکومی و ناحکومییەکان، قوتابیان بەکار دێنن بۆ مەبەستی تایبەتی و بەرژەوەندی تەسکی خۆیان، ئەمەش دەبێتە هۆی دژایەتیکردنی قوتابیان بۆ کۆمەڵگەکەیان و کاری پشێوی تێدا دەنێنەوە، بۆیە پێویستە پەروەردە ئاگاداری ئەو جۆرە کارانە بیَ و ڕێگەیان نەداو پرۆگرامیش بە جۆرێك ڕێکخرابێ، کە هەستی نیشتیمانی و خۆشویستنی وڵات لای قوتابی دروست بکات.( قراقزه، ١٩٩٣، ١٠٨ )

**خوێندنی کوردی لەخانقین:** بەپێی پشکنینەکانی شوێنەوارناسی نێردەی زانکۆی شیگاگۆی ویلایەتەیەگکرتوەکانی ئەمریکا کە لەساڵی ١٩٧٦لە گرد و تەپۆڵکەکانی ناوچەکە ئەنجامیانداوە شاری خانەقین وەك شارێکی کوردی مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی میدیەکان ، لەسەردەمانی کۆندا ئاوەدان بووە لەڕووی ڕێگاوبان وخانوبەرە وسیستمی کۆمەڵایەتی ناوی (ئەرتمیتیا)بووە کە بە مانای شوێنی بەسوود و تەندرووست دەگەیەنێت( انترنیت، محمد، ٢)، بەپێی ئامارە فەرمیەکانی دەسەڵاتدارانی عێراق ساڵانی ١٩٣٤ – ١٩٤٧ – ١٩٥٧ – ١٩٦٥ کورد زۆرینەی قەزای خانقین بووە، هەر بۆیە لە بەیانی ١١ئازاری ١٩٧٠ بڕیاری کردنەوەی قوتابخانەی کوردی لەخانقین درا ، بەڵام لەبەر ئەوەی لە مانگی ئازار بوو ئەو ساڵەی خوێندن نەکرایەوە خرایە ساڵی خوێ،دنی ١٩٧٠-١٩٧١ بۆیە لەسەرەتای ئەو ساڵەوە دەست کرا بەگۆڕینی سیستمی خوێندن لەعەرەبییەوە بۆ کوردی تەنانەت گۆڕینی ناوی قوتابخانەکان ، بۆ نمونە قوتابخانەی (النهضة) گۆڕا بۆ (شۆڕشی سەرەتایی) قوتابخانەی ناوەندی(١١ئادار) لەگەڕەکی کرێکاران و قوتابخانەی (صلاح الدين) لەگەڕەکی مەزرەعە..تاد، هەر لەو ساڵەدا خولی زمانی کوردی کرایەوە بۆ گەشە پێدانی توانا زمانەوانیەکانی مامۆستایان، لە پاش ڕووخانی ڕژێمی بەعسی حکومەتی هەرێمی کوردستان پەروەردەی خوێندنی کوردی سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی گەرمیان کردەوە ولەئێستادا ئەو قوتابخانانەی خوێندنی کوردی سەر بە حکومەتی هەرێمی کوردستانن لە ناوەندی قەزای خانقین بریتین لە (٥) ئامادەیی و (٢) پەیمانگەی وەرزشی و هونەرە جوانەکان، لەگەڵ (٢١)قوتابخانەی سەرەتایی .(ئاماری، بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی گەرمیان)

**خشتەی (١) توێژینەوەکانی پێشوو:**

| ز | توێژەر وساڵی و شوێنی توێژینەوە | شوێن | ساڵ | ڕێبازی توێژینەوە | ئامانجی توێژینەوە | ئامرازی توێژینەوە | نمونەی توێژینەوە | ئەنجامەکان |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | علی، فؤاد محمد نواب کێشە پەروەردەبییەکان لە وڵاتی سعودیە | پاشانیشینی عەرەبی سعوودییە | ١٩٨٠ | وصفی | زانینی ڕۆڵی پلاندانانی پەروەردەیی لە چارەسەرکردنی کێشە پەروەردەبییەکان لە پاشانیشینی سعودیە. | فۆرمی ڕاوەرگری | - | دەرکەوتووە کەموکورتیەکان لەبواری: چەندێتی و چۆنێتیەن<br>أ/ چۆنێتی : لە سیسمی فێرکاری و ڕەگەزە بەشداربووەکانی وەك پرۆگرام ، مامۆستا ، قوتابی ، ئامرازی فێرکاری ، پێداویستیەکانی فێرکاری .<br>ب/ چەندێتی : ناڕۆکی پرۆسەی فێرکاری لەڕووی input – process – output<br>کاریگەری گۆڕانکاریە خێراکانی بوارەکانی دیکە لەسەر سێکتەری پەروەردە . |
| ٢ | عزیز،کریم گرفتەکانی وتنەوەی بابەتی مێژووی ئەوروپا لەڕوانگەی مامۆستایان و فێرخوازانەوە لە زانکۆی گەرمیان | عێراق/هەرێمی کوردستان | ٢٠١٣ | وصفی | دەرخستنی گرفتەکانی وانە وتنەوەی مێژووی ئەوروپا لەڕوانگەی فێرخوازان و مامۆستایانی بابەتەوە لە زانکۆی گەرمیان بۆ ساڵی خوێندنی ٢٠١٢-٢٠١٣. | فۆرمی ڕاوەرگری | ٤٦ | کەمی کاتژێری وانەی وتنەوەی مێژووی ئەوروپا، جەختکردنەوەی مامۆستایان لەسەر ڕێگای وانەوتنەوەی وانەبێژی، دانانی تاقیکردنەوەکان بە پێوەری دەرچوون، پشتبەستنی فێرخوازان بە نووسینی ئامادەکراوی مامۆستایان(مەلزەمە)، خۆئامادەنەکردن و نەخوێندنەوە ونەنووسینی ڕاپۆرت وچالاکی دەرەوەی پۆل، هەروەها شارەزانەبوونی مامۆستایان لە ڕێگانوێیەکانی وانەوتنەوەی پسپۆڕیان ، پاڵپشت نەکردنی پاڵنەر لای فێرخوازان |
| ٣ | سمرە و مجدلاوی. کێشە پەروەردەبییەکان کە ڕووبەڕووی خوێندکارانی دواناوەندی دەبنەوە لە پارێزگای ڕام اللە. | فلسطین | ٢٠١٦ | وصفی | زانینی کێشە پەروەردەیەکانی کە ڕووبەڕووی خوێندکارانی دواناوەندی دەبنەوە لە پارێزگای رام اللە . | فۆرمی ڕاوەرگری | ٥٢٨ | - بیروڕای خوێندکاران سەبارەت بە ڕۆڵی بەڕێوەبەرێتی قوتابخانە بۆ هەشەنەکردنی کێشەکان بە پلەیەکە مامناوەند بوو.<br>- کێشەکانی خوێندکاران لەکەرتی گشتی وتایبەت بەهەمان پلەی مام ناوەندبوون.<br>. |
| ٤ | الجدی، چەندێتی | فلسطین | ٢٠٠٨ | وصفی | زانینی کێشە کارگێڕیەکان | فۆرمی ڕاوەرگر | ٣٠٠ | - پاڵپشتکردنی ڕۆڵی ڕێنمایی کاری پەروەردەیی.<br>- هاندانی ڕۆشنبیری کارکردن بەگیانی تیم . |

| | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | چارەسەرکردنی کێشە پەروەردەییەکان لەلایەن بەڕێوەبەرە ئافرەتەکان لە خوێندنگە دواناوەندیەکان لە پارێزگای غزە. | | | | لەقوتابخانە دواناوەندیەکان و پێشنیارکردنی بەرنامەیەکی بۆچالاککردنی ڕۆڵیان. | ی | | - ئاراستەکردنی ڕەفتاری لەڕووی ئاینییەوە . |

## هاوسەنگی توێژینەوەکانی پێشتر:

-لێچوونی توێژینەوەکان لەڕووی ئامانج: دەبینین توێژینەوەکان هەموویان لەسەر کێشەی پەروەردەیی یان فێرکاری ئەنجامدراون، دیارە کێشە فێرکاریەکانیش بریتین لەکێشەی پەروەردەیی، ئەم توێژینەوەیە هاوشێوەی توێژینەوەکانی پێشتر لەسەر کێشەی پەروەردەییە. هەروەها ڕێبازی توێژینەوە هەموویان وەصفی بووە، ئەمەو گشت توێژینەوەکان فۆرمی ڕاوەرگریان بەکارهێناوە، لەگەڵ ئامرازەکانی ئاماری هاوشێوەی ناوەندی شیاوی و کێشی سەدی وکاوکۆڵکەی پەیوەندی پێرسۆن ، هەموو ئەو ڕێکاریانەش لەلایەن ئەم توێژینەوەیەوە بەکارهێنراوە .

- ئامراز و ڕێکاریەکان: گشت توێژینەوەکان لەڕێگەی فۆرمی ڕاوەرگریەوە وەك ئامرازی کۆکردنەوە ی زانیاری هەستاون بەئەنجامدانی ، جگە لە توێژینەوەی (علی،١٩٨٠)لەولاتی پاشانیشینی سعودیە بووە، توێژینەوەکانی تر لەولاتی عێراق ئەنجامدراون وئەم توێژینەوەیە لەناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان-عێراق.

- کۆمەڵگە ونمونەی توێژینەوە: توێژینەوەکان لەهەڵبژاردنی نمونەی توێژینەوە کان هەر توێژینەوەیەك بە پێی سروشتی کۆمەڵگەی توێژینەوە کاری کردوە، بۆنمونە لەتوێژینەوەی (علی، ١٩٨٠)لەبەر ئەوەی توێژینەوەکەی لەسەر کێشەکانی پەروەردە بووە لە ولاتی سعودیە، بۆیە لەڕێگەی فۆرمێکەوە کە بەسەر دام ودەزگا جیاوازەکانی ولات دابەشکراوە نمونەی توێژینەوە وەرگیراوە ، توێژینەوەی( عزیز،٢٠١٣)بریتی بوون لە ٤٦ مامۆستا وفێرخواز ، توێژینەوەی (سمرة و مجدلاوی،٢٠١٥) بریتی بوون ٥٢٨ لە خوێندکاران، توێژینەوە (الجدی،٢٠٠٨) بریتی بوو لە ٣٠٠ بەڕێوەبەر.

- جیاوازی ئەم توێژینەوەیە لەتوێژینەوەکانی پێشتر: هەریەکە لەو توێژینەوانە کێشەیەکی تایبەت بەچینێکی وەك قوتابی یان خوێندکار یان بەڕێوەبەر یاخود دام ودەزگاکانی حکومەت، بەلام ئەم توێژینەوەیە هەریەکە لەسەرپەرشتیاران و بەڕێوەبەران و مامۆستایانی وەرگرتوە، لە خوێندنی کوردی ، توێژینەوەکانی پێشوو لەبەر ئەوەی خوێندکارانی پارێزگایەکیان وەرگرتوە بۆیە ژمارەیان زۆر بوون، بەلام ئەم توێژینەوەیە لەسنووری قەزایەکدایە و دوو جۆر خوێندنی تێدایە توێژەر تەنها خوێندنی کوردی سەر بەهەرێمی کوردستانمان وەرگرتوە، ئەم توێژینەوەیەش ٥٣٢کۆمەڵگەی سەرپەرشتیار بریتی بوون لە١٠ بەڕێژەی ١٠٠٪ وەرگیراوە و بەڕێوەبەر ٢١ بەڕێژەی ٣٣٪ وەرگیراوە و مامۆستا ٥٠٢ بەڕێژەی ١٠٪ وەرگیراوە ، بەگشتی بەڕێژەی ١٢٪وەرگیراوە .

## بەشی سێیەم/ ڕێکاریەکانی توێژینەوە

دیراساتی مەسحی جۆری ( ڕووپێوی قوتا بخانەیی ) تایبەتە بە بواری پەروەردە و ڕەهەندە جۆراوجۆرەكانی وەك هەڵسوڕێنەرانی پرۆسەی فێركاری (سەرپەرشتیاران وبەڕێوەبەران وماموٚستایان) پرۆگرام وئامانجە پەروەردەییەكان وڕێگاكانی وانەوتنەوە..تاد، كە لەهەموو ئەو بوارانە دەكۆڵێتەوە لە پێناو گەشە پێدانی پرۆسەی فێركاری وخستنەڕووی داتاو زانیاری لەسەر بارودۆخی پەروەردە وپێشنیاری چارەسەر بۆ لایەنی پەیوەندیدار و جێبەجێكاری كارگێڕی،( Talbot,1995 ,318 ) دیارە ئەم توێژینەوەیەش هەمان ڕێبازی ( ڕووپێوی قوتا بخانەیی ) گرتوەتەبەر.

كۆمەڵگەی توێژینەوە: بریتین لە هەڵسوڕێنەرانی خوێندنی كوردی لەقەزای خانەقین كە بریتین لە (سەرپەرشتیاران و بەڕێوەبەری گشتی ویاریدەدەری بەڕێوەبەری گشتی كە ژمارەیان (١٠) كەسە ، و بەڕێوەبەرەكان كە ژمارەیان (٢١ )بەڕێوەبەرە و ماموٚستایان كە ژمارەیان( ٥٠٢ ) ماموٚستایە وەك لە خشتەی خوارەوەدا خراوەتە ڕوو .

خشتەی (٢) كۆمەڵگەی سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی و بەڕێوەبەری گشتی ویاریدەدەری بەڕێوەبەری گشتی و بەڕێوەبەرەكان و ماموٚستایان

| كۆمەڵگە | ژمارەی سەرپەرشتیاران و ماموٚستایان |
|---|---|
| سەرپەرشتیاران و بەڕێوەبەری گشتی و یاریدەرەی بەڕێوەبەری پەروەردەی گەرمیان | ١٠ |
| بەڕێوەبەرەكان | ٢١ |
| ماموٚستایان | ٥٠٢ |
| كۆی گشتی | ٥٣٣ |

نمونەی توێژینەوەكە: نمونەی توێژینەوەكە لە سەرپەرشتیاران وبەڕێوەبەران وماموٚستایان وەرگیراون، نمونەی سەرپەرشتیاران و بەڕێوەبەری گشتی ویاریدەدەری بەڕێوەبەری گشتی بریتیە لە(١٠) واتە بەڕێژەی سەدی( ١٠٠٪ ) ، بەڕێوەبەرەكان بریتیە لە( ٧ ) حەوت بەڕێوەبەر واتە بەڕێژەی سەدی( ٣٣٪ ) ، و نمونەی ماموٚستایان بریتیە لە( ٥٢ ) واتە بەڕێژەی سەدی( ١٠٪ ) بەشێوەی هەڕەمەكی سادە وەرگیراون، بڕوانە خشتەی خوارەوە .

خشتەی (٣) نمونەی سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی و بەڕێوەبەری گشتی ویاریدەدەری بەڕێوەبەری گشتی و بەڕێوەبەرەكان و ماموٚستایان

| کۆمەڵگە | ژمارەی وەرگیراوان | ڕێژەی سەدی |
| --- | --- | --- |
| سەرپەرشتیاران و بەڕێوەبەری گشتی و یاریدەرەی بەڕێوەبەری پەروەردەی گەرمیان | ١٠ | ٪١٠٠ |
| بەڕێوەبەرەکان | ٧ | ٪٣٣ |
| مامۆستایان | ٥٢ | ٪١٠,٣٥ |
| کۆی گشتی | ٦٩ | ١٢,٩٦ |

**ئامرازی توێژینەوە:** هەر توێژینەوەیەك پێویستی بە ئامرازێك هەیە بۆ ئەوەی لەڕێگەیەوە داتا وزانیاریەکان دەستکەوێت، بۆ ئەو مەبەستە توێژەر سودی لە ئامرازە ئامادەکراوەکانی توێژینەوەکانی پێشتر و سەرچاوە پەروەردەییەکانی وەرگرت، هەر بۆ زیاتر گەیشتن بە ئامانج و مەبەستەکانی توێژینەوەکە توێژەر هەستاوە بەئەنجامدانی ڕاوەرگرتنی سەرەتایی(استطلاعي) بۆ بەدەست هێنانی زانیاری سەرەتایی بۆ دروستکردنی فۆرمی ڕاوەرگری، بۆ ئەم مەبەستە فۆرمێکی سەرەتایی پێشکەش بە ژمارەیەك لە سەرپەرشتیاران و بەڕێوەبەران و مامۆستایان کرد کە بریتی بوو لە دوو بوار و تێبینی بۆ پێشنیازەکانیان ئەگەر هەبێت، پاش کۆکردنەوەی سەرجەم فۆرمەکان و زانیاریەکانی بەتاڵکرانەوە و هەندێك برگە گۆڕانکاریان تێدا کرا پاشتر بەسەر دوو بواری سەرەکیدا دابەشکران و فۆرمێکی لێوە درووست بوو بەشێوەی کۆتایی (بڕوانە پاشکۆی ١ ).

**ڕاستێتی ڕواڵەتی ئامراز faceValidity:** یەکێك لەگرنگترین مەرجەکان بۆ پێودانکردنی ئامراز بریتیە لە ئەنجامدانی ڕاستێتی بۆ ئەو بابەتەی دەیپێوڕێت، چونکە مەبەست لە ڕاستێتی تواناداری ئامرازە بۆ پێوانەکردنی ئەو بابەتەی لە پێناویدا دانراوە(الطريحي،٢٠٠١ ،٧٢)، باشترین میکانیزمیش بۆ دەرخستنی ڕاستێتی ڕووکەشی( Face Validity )ئامرازی ڕادەربڕینە(Ebel; 1972;p.566)، واتە پیشاندانی ئامرازەکەیە بۆ کۆمەڵێك پسپۆڕ وتاییەتمەند بۆ داوەریکردنی و دەرخستنی ڕادەی گونجاوی برگەکانی (الساعدی ،٢٠٠٢،ص٧٣). ، هەر بۆیە پاش ئەوەی ئامرازی توێژینەوە لەلایەن چەند شارەزاییەکی بواری پەروەردە(ڕێگاکانی وانەوتنەوە)و دەروونناسی ڕاستێتی بۆ ئەنجامدرا کە ژمارەیان (٩) پسپۆڕ بوون (بڕوانە پاشکۆی ٢)، توێژەر ڕێژەی (٪٨٠)ی پشتیوانی داوەری وەرگرت بۆ هەر برگەیەك،لەکۆتاییدا چەند برگەیەك گۆڕانکاری تێدا کراو ژمارەیەك برگەش دوورخرانەوە، لەئەنجامدا کۆی برگەکان لە فۆرمی ڕاوەرگری گەیشتە(٢٠)برگە و دابەشکران بەسەر دوو بوار، توێژەر سێ هەڵبژاردنی بەشێوەی (کێشەی سەرەکیە)، ( کێشەی لاوەکیە)، ( نابێتە کێشە) وەك پێوەر بەشێوەی پلەبەند داناوە، بۆ ئەوەی چەندێتی هەستکردنی بەکێشە ڕوونبێتەوە، لەکۆتاییدا دەرکەوت ڕاستێتی ئامرازەکە گونجاوە بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەکە .

**جێگیری ئامراز:** مەبەست لەجێگیری پیشاندانی هەمان یان نزیك لەو ئەنجامانەیە ئەگەر هاتوو ئامرازەکەمان لەسەر هەمان کۆمەڵەی وەرگیراو تاقیکردەوە لەبارودۆخێکی نزیك لەوبارودۆخەی کە پێشتر ئەنجامانداوە(العجيلى ، ٢٠٠٥ ، ص ١١٨) توێژەر هەستاوە بە وەرگرتنی ( ٥ ) سەرپەرشتیار و (٥)بەڕێوەبەر و (١٠)مامۆستا کە لە دەرەوەی نموونەی وەرگیراوی توێژینەوەکە بوون فۆرمیان بەسەردا دابەشکرا پاش پازدە ڕۆژ، جارێکی تر توێژەر فۆرمی نوێی بەسەریاندا

**دابەشكردنەوە، پاش وەرگرتنەوەی هەموو فۆرمەكان توێژەر دەستیكرد بە ئەنجامدانی دۆزینەوەی جێگیری ئامڕازەكە بە ( هاوكێشەی پێرسۆن ) بۆ ژماردنی كارای جێگیری دەركەوت جێگیری ئامڕازەكە ( ٠,٨٨ ) .**

**جێبەجێكردنی ئامڕاز** Application of the means**: پاش دڵنیابوون لە ڕاستێتی وجێگیری ئامڕازی توێژینەوە، توێژەر هەستا بەجێبەجێكردنی بەشێوەی كۆتایی لەسەر نمونەی توێژینەوە كە پێك هاتبوو لە(١٠) سەرپەرشتیار و ( ٧ ) بەڕێوەبەر و ( ٥٢ ) مامۆستا لە شوێن و قوتابخانە جیاوازەكانی خوێندنی كوردی سەر بە حكومەتی هەرێمی كوردستان/ پەروەردەی خانقین، توێژەر بەشێوەی دابەشكردنی ڕاستەوخۆ فۆرمی ڕادەربڕین لەبەرواری ٢٠١٧/٣/٢٦ بۆ٢٠١٧/٣/٢٨ بەسەر سەرپەرشتیاران جێبەجێكرد و لە ٢٨/ ٣ /٢٠١٧ بۆ ٣٠/ ٣/ ٢٠١٧ بەسەر بەڕێوەبەر و مامۆستایانیش جێبەجێكرا، ئەم كارەش وەك ( عوبەیدات ) جەختی لەسەر دەكاتەوە دەبێتە هاندەرێك بۆ ئەوەی بەدیقەتر وەلآمبدەنەوە و دەرئەنجامەكان ڕاستتر بەدەستەوە بدەن ( عبیدات، ١٩٩٢، ١٢٨ ) .**

**ئامڕازە ئاماریەكان (** The Statistical Procedures):

١- **هاوكێشەی پێرسۆن** ( Pearson ) :

**توێژەر بۆ ئەژماركردنی بەهای هاوسەنگی جێگیری ئامڕازی ڕاپرسیەكە بەشێوەی دووبارەكردنەوەی وەلامدانەوە .**

**ر = ن مج س ص ـ ( مج س ) ( مج ص ) / √ {ن مج س٢ — ( مج س٢ )} {ن مج ص٢ — ( مج ص )٢}** **( البیاتي، ١٨١، ١٩٧٧ )**

**٢ـ ناوەندی شیاوی ( یەكلاییكەرەوە ) :**

**ناوەندی شیاوی( یەكلاییكەرەوە ) = ( ت١ × ٣ + ت٢ × ٢ + ت٣ × ١ ) / كۆ ت** ( Fisher,1956 : P327)

**بە پێی هاوكێشەكە كێشی هەڵبژاردەكان بەم شێوەیە بوو .**

**ت١ = نابێتە كێشە( یەك پلە )، ت٢ = كێشەی لاوەكیە( دوو پلە )، ت٣ = كێشەی سەرەكیە ( سێ پلە ) .**

٤- **ڕێژەی سەدی** ( Percentage ) : **لە پێناو ئەژماركردنی كۆمەڵگە و نمونەی توێژینەوە بەكارهاتووە.**

**ڕێژەی سەدی = ( ژمارەی لاوەكی / كۆی گشتی ) × ١٠٠** **( عدس، ١٩٨٠، ١٣١ )**

٥- **كێشی سەدی (** Coefficient of Weight ) :

**كێشی سەدی = ( ناوەندی شیاو / بەرزترین كێش ) × ١٠٠** **( الغریب، ١٩٧٨، ١٦٨ )**

## بەشی چوارەم/ خستنەڕوو و شیكردنەوەی ئەنجامەكان

### خستنەڕووی فۆرمی هەڵسەنگاندن

**خشتەی (٤) ناوەندی شیاویی و كێشی سەدی (سەرپەرشتیاران بەڕێوەبەر گشتی ویاریدەدەر)بواری یەكەم (كێشە كارگێڕییەكان)**

| ژمارەی بڕگە | بڕگەكان | پلە (رتبە) | ناوەندی شیاویی (الوسط المرجح) | كێشی سەدی (الوزن المئوي) |
|---|---|---|---|---|
| | بواری یەكەم/ كێشە كارگێڕییەكان | | | |
| ٥ | بینای قوتابخانە و ژووری پێویست بۆ پۆلی خوێندن و كاروباری كارگێڕی | ١ | ٢,٤ | ٨٠ |
| ١ | گرنگی نەدان لەلایەن وەزارەتی پەروەردە بە كێشە مادییەكانی پەروەردەی ناوچەكە | ٢ | ٢,٣ | ٧٦,٦٦ |
| ٤ | ڕەچاونەكردنی باری تایبەت لەگشتاندنی ڕێنماییەكان | ٢ | ٢ | ٧٦,٦٦ |
| ١٠ | نەبوونی پلانی دروستكردنی ژێرخانی پەروەردەیی لەناوچەكە | ٢ | ٢,٣ | ٧٦,٦٦ |
| ٢ | ئەستەمی لەجێبەجێكردنی بڕیار و ڕێنماییەكان بەهۆی بوونی دوو دەسەڵاتی ئیداری (حكومەتی ناوەندی و هەرێمی كوردستان) | ٣ | ٢,١ | ٧٠ |
| ٣ | نەگونجاوی بڕیار و ڕێنماییەكان لەگەڵ داكەوتی (واقع)ی پرۆسەی فێركاری | ٣ | ٢,١ | ٧٠ |
| ٦ | بوونی مامۆستای پسپۆڕ بۆ بابەتەكان | ٣ | ٢,١ | ٧٠ |
| ٩ | جیاوازی موچە وكاتی پێدانی لەگەڵ مامۆستایانی میلاكی حكومەتی ناوەندی | ٣ | ٢,١ | ٧٠ |
| ٨ | كاركردن بەسیستمی كارگێڕی و ئەرشیفكردنی كۆن | ٤ | ١,٩ | ٦٣,٣٣ |
| ٧ | كەمی دەسەلآتی كارگێڕی ومادی لای بەڕێوەبەری قوتابخانەكان | ٥ | ١,٧ | ٥٦,٦٦ |
| كۆی گشتی | | | ٢,١ | ٧٠ |

لەخشتەی (٤) ئەوەمان بۆ ڕووندەبێتەوە كە سەرپەرشتیاران و بەڕێوەبەر گشتی ویاریدەدەری بەڕێوەبەری گشتی تێكڕایی بڕگەكانی( بواری كارگێڕی) بەكێشەیان زانیوە،لەڕووی گرنگی نەدان لەلایەن وەزارەتی پەروەردە بە كێشە مادییەكانی پەروەردەی ناوچەكە و نەگونجاوی بڕیار و ڕێنماییەكان لەگەڵ داكەوتی (واقع)ی پرۆسەی فێركاری و بوونی مامۆستای پسپۆڕ و جیاوازی موچە وكاتی پێدانی لەگەڵ مامۆستایانی میلاكی حكومەتی ناوەندی هەموو ئەمانە وەك لە دیراسەی (الجبوري ،٢٠٠٥،ص٩-٢٨)دا هاتوە دیارە دەبنە ڕێگر وئاستەنگ لەبەردەم جێبەجێكردنی ڕێنماییەكانی سەرپەرشتیارن ،ئەمە لەكاتێكدا سەرپەرشتیاران هەردوو بڕگەی (٨) دەقەكەی بریتیە لە:( كاركردن بەسیستمی كارگێڕی و ئەرشیفكردنی كۆن )و بڕگەی (٧)كە دەقەكەی بریتیە لە: (كەمی دەسەلآتی كارگێڕی ومادی لای بەڕێوەبەری قوتابخانەكان) بە كێشە نەزانیوە،چونكە نزمترین ناوەندی شیاوی( یەكلاییكەرەوە) و كێشی سەدیان تۆمار كردوە، لەبڕگەی(٨)یەكسانە بە(١.٩)بەرامبەر بە(٦٣.٣٣٪)كێشی سەدی،هەروەها بڕگەی(٧) بە(١.٧) بەرامبەر بە(٥٦,٦٦٪)،ئەمەش ئەوە نیشاندەدا كە كە سەرپەرشتیاران و بەڕێوەبەر گشتی ویاریدەدەری بەڕێوەبەری گشتی كاری

ئەرشیفکردن لە پەروەردە و دەسەلاّتی مادی بە بەڕێوەبەرەکان بەکێشەنازانن یاخود کێشەی لەو جۆرەیان ڕووبەڕوو نەبوەتەوە .

خشتەی (٥) ناوەندی شیاویی و کێشی سەدی (سەرپەرشتیاران بەڕێوەبەر گشتی ویاریدەدەر)بواری دووەم (کێشە فێرکاریەکان)

| ژمارەی بڕگە | بڕگەکان | پلە | ناوەندی شیاویی (یەکلاییکەرەوە) | کێشی سەدی |
|---|---|---|---|---|
| | بواری دووەم/ کێشە فێرکاریەکان | | | |
| ١٩ | زۆری ژمارەی قوتابیان لە پۆلی خوێندن | ١ | ٢,٥ | ٨٣,٣٣ |
| ٢٠ | وەرگرتنیان لەزانکۆ و پەیمانگاکانی هەرێم | ٢ | ٢,٤ | ٨٠ |
| ١٤ | زۆری قەبارەی بڕیالێداروی خوێندن و کەمی کاتی تەرخانکراو بۆی | ٣ | ٢,١ | ٧٠ |
| ١١ | زانیاری و پێگەیاندنی پیشەیی مامۆستایان | ٤ | ٢ | ٦٦,٦٦ |
| ١٨ | گرنگیدان چالاکیەکانی پۆل و دەروەی پۆل لەبواری نەتەوەیی | ٤ | ٢ | ٦٦,٦٦ |
| ١٥ | ڕێگای وانەوتنەوەی مامۆستا | ٥ | ١,٩ | ٦٣,٣٣ |
| ١٦ | بواری هەڵسەنگاندن و تاقیکردنەوەکان | ٥ | ١,٩ | ٦٣,٣٣ |
| ١٢ | پرۆگرامی خوێندن لەگەڵ ئاستی قوتابی و ژینگەی فێرکاری | ٦ | ١,٧ | ٥٦,٦٦ |
| ١٣ | زمان وشێوەزاری بڕیارلێدراوی خوێندن بۆ مامۆستایان و قوتابیانی ناوچەکە | ٦ | ١,٧ | ٥٦,٦٦ |
| ١٧ | پەرتوك و پێداویستیەکانی خوێندنی کوردی | ٦ | ١,٧ | ٥٦,٦٦ |
| کۆی گشتی | | | ١,٩٩ | ٦٦,٣٣ |

لەخشتەی (٥) دەردەکەوێت کە سەرپەرشتیاران و بەڕێوەبەری گشتی ویاریدەدەری بەڕێوەبەری گشتی بڕگەکانی (١٩، ٢٠، ١٤، ١١، ١٨) بەکێشە دادەنێن، بەجۆرێك بەرزترین ناوەندی شیاوی لە بڕگەی (١٩)یە کە دەقەکەی بریتیە لە:( زۆری ژمارەی قوتابیان لە پۆلی خوێندن) بە ناوەندی شیاویی (٢,٥)وکێشی سەدی(٨٣,٣٣)تۆمارکردوە،هەروەها بڕگەی (٢٠)کە باس لە وەرگرتنی قوتابی وخوێندکاران لە زانکۆ وپەیمانگاکانی حکومەتی هەرێم دەکات بەکێشە زانیوە لەبەر ئەوەی کاری سەرەپەرشتیاران ئاڕاستەکردنی قوتابی وخوێندکارانە بەرەو دۆزینەوەی بەهرەکانیان وەك (داود وآخرون،١٩٩٠،ص٤٥)جەختی لەسەر دەکاتەوە.

ئەمە لەکاتێکدا بڕگەکانی (١٥، ١٦، ١٢، ١٣، ١٧)یان بەکێشە نەزانیوە کە نزمترین ناوەندی شیاوی لە لەبڕگەی (١٧)دایە بە ناوەندی شیاوی (١,٧) وکێشی سەدی(٦٦,٣٣) کەدەقەکەی دەڵێت: ( پەرتوك وپێداویستیەکانی خوێندنی کوردی) بەم پێیە لەڕوانگەی سەرپەرشتیاران و بەڕێوەبەری گشتی ویاریدەدەری بەڕێوەبەری گشتی پێداویستیەکانی خوێندنی کوردی وپەرتوك کە بەرپرسی یەکەمن لەناوچەی توێژینەوە لایان فەراهەمە ونەبوەتە هۆی کێشە فێرکاری .

**خشتەی ( ٦ ) ناوەندی شیاویی و كێشی سەدی ( مامۆستایان )بواری یەكەم ( كێشە كارگێڕییەكان )**

| ژمارەی بڕگە | بڕگەكان | پلە (رتبە) | ناوەندی شیاویی (الوسط المرجح) | كێشی سەدی (الوزن المئوي) |
|---|---|---|---|---|
| | بواری یەكەم/ كێشە كارگێڕییەكان | | | |
| ٢ | ئەستەمی لەجێبەجێكردنی بڕیار و ڕێنماییەكان بەهۆی بوونی دوو دەسەڵاتی ئیداری ( حكومەتی ناوەندی و هەرێم كوردستان ) | ١ | ٢,٩٦ | ٩٨,٧١ |
| ١ | گرنگی نەدان لەلایەن وەزارەتی پەروەردە بە كێشە مادییەكانی پەروەردەی ناوچەكە | ٢ | ٢,٩٢ | ٩٧,٤٣ |
| ٣ | نەگونجاوی بڕیار و ڕێنماییەكان لەگەڵ داكەوتی (واقع)ی پرۆسەی فێركاری | ٣ | ٢,٨٠ | ٩٣,٥٨ |
| ٩ | جیاوازی موچە وكاتی پێدانی لەگەڵ مامۆستایانی میلاكی حكومەتی ناوەندی | ٤ | ٢,٧٨ | ٩٢,٩٤ |
| ١٠ | نەبوونی پلانی درووستكردنی ژێرخانی پەروەردەیی لەناوچەكە | ٥ | ٢,٧٣ | ٩١,٠٢ |
| ٤ | ڕەچاونەكردنی باری تایبەت لەگشتاندنی ڕێنماییەكان | ٦ | ٢,٦٣ | ٨٧,٨٢ |
| ٨ | كاركردن بەسیستمی كارگێڕی و ئەرشیفكردنی كۆن | ٧ | ٢,٦١ | ٨٧,١٧ |
| ٧ | كەمی دەسەڵاتی كارگێڕی ومادی لای بەڕێوەبەری قوتابخانەكان | ٨ | ٢,٥٩ | ٨٦,٥٣ |
| ٦ | بوونی مامۆستای پسپۆڕ بۆ بابەتەكان | ٩ | ٢,٤٨ | ٨٢,٦٩ |
| ٥ | بینای قوتابخانە و ژووری پێویست بۆ پۆلی خوێندن و كاروباری كارگێڕی | ١٠ | ٢,٣٨ | ٧٩,٤٨ |
| | كۆی گشتی | | ٢,٦٨ | ٨٩,٦ |

لەخشتەی ( ٦ ) ئەوە نیشاندەدات كە مامۆستایان تێكڕایی بڕگەكانی( بواری كارگێڕی )یان بەكێشە زانیوە، بە جۆرێك بەرزترین ناوەندی شیاوی و كێشی سەدی لە بڕگەی ( ٢ )دایە بە ( ٢,٩٦ ) و( ٩٨,٧١ ) كە دەقەكەی بریتییە لە : ( ئەستەمی لەجێبەجێكردنی بڕیار و ڕێنماییەكان بەهۆی بوونی دوو دەسەڵاتی ئیداری ( حكومەتی ناوەندی و هەرێم كوردستان )، نزمترین ناوەندی شیاوی و كێشی سەدی لە بڕگەی ژمارە ( ٥ )دایە بە ( ٢,٢٨ ) و( ٧٩,٦ ) كە دەقەكەی بریتییە لە :( بینای قوتابخانە و ژووری پێویست بۆ پۆلی خوێندن و كاروباری كارگێڕی ).

دیارە ئەو كێشە كارگێڕیەكانەی لەبواری یەكەم خراونەتە ڕوو پەیوەندی ڕاستەوخۆی هەیە بە ژیانی پیشەیی مامۆستایانەوە ، هەر لە وتنەوەی بابەتی پسپۆڕی و نەگونجاوی بڕیار و ڕێنماییەكان لەگەڵ داكەوتی (واقع)ی پرۆسەی فێركاری...تاد، مامۆستایان لەنزیكەوە بەركەوتنیان لەگەڵ داكەوتی كێشەكانی پەروەردە هەیە و كاراكتەری سەرەكین لە بوارەكە بەتایبەت (كێشە كارگێڕیەكان)، بۆیە بوونی كۆمەڵێك مامۆستا لەیەك قوتابخانە كە دابەشبوون

بەسەر میلاكی هەردوو ( حكومەتی ناوەندی و هەرێمی كوردستان ) هاتنی دوو جۆر لە ڕێنمایی وسەر بە دوو دەسەلاَتی بەڕێوەبردنی پەروەردە دەبێتە هۆی كێشە بۆیان .

خشتەی ( ٧ ) ناوەندی شیاویی و كێشی سەدی( مامۆستایان ) بواری یەكەم ( كێشە فێركارییەكان )

| كێشی سەدی | ناوەندی شیاویی ( یەكلاییكەرەوە ) | پلە | بڕگەكان | ژمارەی بڕگە |
|---|---|---|---|---|
| | | | بواری دووەم/ كێشە فێركاریەكان | |
| ٨٠,٧٦ | ٢,٤٢ | ١ | زۆری ژمارەی قوتابیان لە پۆلی خوێندن | ١٩ |
| ٩٢,٣٠ | ٢,٧٦ | ٢ | وەرگرتنیان لەزانكۆ و پە یمانگاكانی هەرێم | ٢٠ |
| ٨٣,٣٣ | ٢,٥ | ٣ | زۆری قەبارەی بڕیالێداروی خوێندن و كەمی كاتی تەرخانكراو بۆی | ١٤ |
| ٨٢,٠٥ | ٢,٤٦ | ٤ | زانیاری و پێگەیاندنی پیشەیی مامۆستایان | ١١ |
| ٧٥,٦٤ | ٢,٢٦ | ٥ | گرنگیدان چالاكیەكانی پۆل و دەروەی پۆل لەبواری نەتەوەیی | ١٨ |
| ٨٢,٦٩ | ٢,٤٨ | ٦ | ڕێگای وانەوتنەوەی مامۆستا | ١٥ |
| ٧٨,٨٤ | ٢,٣٦ | ٧ | بواری هەڵسەنگاندن و تاقیكردنەوەكان | ١٦ |
| ٨٣,٩٧ | ٢,٥١ | ٨ | پرۆگرامی خوێندن لەگەڵ ئاستی قوتابی و ژینگەی فێركاری | ١٢ |
| ٨٧,٨٢ | ٢,٦٣ | ٩ | زمان وشێوەزاری بڕیارلێدراوی خوێندن بۆ مامۆستایان و قوتابیانی ناوچەكە | ١٣ |
| ٧٥,٦٤ | ٢,٢٦ | ١٠ | پەرتوك و پێداویستیەكانی خوێندنی كوردی | ١٧ |
| ٨١,٨ | ٢,٤٥ | كۆی گشتی | | |

لەخشتەی ( ٧ ) ڕووندەبێتەوە كە مامۆستایان تێكڕایی بڕگەكانی( بواری فێركاری )یان بەكێشە زانیوە، بە جۆرێك بەرزترین ناوەندی شیاوی و كێشی سەدی لە بڕگەی ( ١٩ )دایە بە ( ٢,٤٢ ) و( ٨٠,٧٦ ) كە دەقەكەی بریتییە لە : ( زۆری ژمارەی قوتابیان لە پۆلی خوێندن )، نزمترین ناوەندی شیاوی و كێشی سەدی لە بڕگەی ( ١٧ )دایە بە ( ٢,٢٦ ) و( ٧٥,٦٤ ) كە دەقەكەی بریتییە لە :( پەرتوك و پێداویستیەكانی خوێندنی كوردی ).

لەبەر ئەوەی مامۆستایان لەهەر ڕەگەزێكی دیكەی نێو پرۆسەی پەروەردە لەگەڵ كێشە فێركاریەكانن بەردەوام وڕۆانە لەگەڵ دەوامی فەرمی لەنێو پرۆسەكەن ، بۆیە بیروڕا دەربڕینیان لەسەر كێشەكانی زۆر ژمارەی قوتابی لە پۆلی خوێندن و زۆری قەبارەی بڕیارلێدراوی خوێندن و پێگەیاندنی پیشەیی و ڕێگای وانەوتنەوەیان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە كە بە پێویستی دەزانن مامۆستایان لە ڕێگا نوێیەكانی وانەوتنەوە كە گونجاوە لەگەڵ بابەت و پرۆگرامی نوێ ، هەروەها بە كێشەیان زانیوە پرۆگرامی خوێندن لەگەڵ ئاستی قوتابی و ژینگەی فێركاری وەك لەدیراسەی ( مخامرە ،٢٠١٢، ١٣٥ )هاتوە

خشتەی ( ٨ ) ناوەندی شیاویی و كێشی سەدی ( بەڕێوەبەری قوتابخانە )بواری یەكەم ( كێشە كارگێڕییەكان )

| ژمارەی بڕگە | بڕگەکان | پلە (رتبە) | ناوەندی شیاویی (الوسط المرجح) | کێشی سەدی (الوزن المئوي) |
|---|---|---|---|---|
| | بواری یەکەم/ کێشە کارگێڕییەکان | | | |
| ٢ | ئەستەمی لەجێبەجێکردنی بڕیار و ڕێنماییەکان بەهۆی بوونی دوو دەسەڵاتی ئیداری ( حکومەتی ناوەندی و هەرێم کوردستان ) | ١ | ٣ | ١٠٠ |
| ٩ | جیاوازی موچە وکاتی پێدانی لەگەڵ مامۆستایانی میلاکی حکومەتی ناوەندی | ١ | ٣ | ١٠٠ |
| ٥ | بینای قوتابخانە و ژووری پێویست بۆ پۆلی خوێندن و کاروباری کارگێڕی | ٢ | ٢,٨٥ | ٩٥,٢٣ |
| ١ | گرنگی نەدان لەلایەن وەزارەتی پەروەردە بە کێشە مادییەکانی پەروەردەی ناوچەکە | ٣ | ٢,٤٢ | ٨٠,٩٥ |
| ٣ | نەگونجاوی بڕیار و ڕێنماییەکان لەگەڵ داکەوتی (واقع)ی پرۆسەی فێرکاری | ٤ | ٢,٥٧ | ٨٥,٧١ |
| ١٠ | نەبوونی پلانی درووستکردنی ژێرخانی پەروەردەیی لەناوچەکە | ٤ | ٢,٥٧ | ٨٥,٧١ |
| ٤ | ڕەچاونەکردنی باری تایبەت لەگشتاندنی ڕێنماییەکان | ٥ | ٢,٢٨ | ٧٦,١٩ |
| ٨ | کارکردن بەسیستمی کارگێڕی و ئەرشیفکردنی کۆن | ٦ | ٢ | ٦٦,٦٦ |
| ٧ | کەمی دەسەڵاتی کارگێڕی ومادی لای بەڕێوەبەری قوتابخانەکان | ٧ | ١,٧١ | ٥٧,١٤ |
| ٦ | بوونی مامۆستای پسپۆڕ بۆ بابەتەکان | ٨ | ١,٤٢ | ٤٧,٦١ |
| | کۆی گشتی | | ٢,٣٨ | ٧٩,٤ |

لەخشتەی ( ٨ ) دەرکەوتوە کە بەڕێوەبەرەکان، جگە لەهەردوو بڕگەی ( ٧ ) کە دەقەکەی بریتیە لە : (کەمی دەسەڵاتی کارگێڕی ومادی لای بەڕێوەبەری قوتابخانەکان ) و بڕگەی ( ٦ ) کە دەقەکەی بەم شێوەیە :( بوونی مامۆستای پسپۆڕ بۆ بابەتەکان )بەکێشە نەزانیوە. تێکڕای بڕگەکانی بواری یەکەم(کێشە کارگێڕیەکان ) بەکێشە زانیوە بەرزترین ناوەندی شیاوی وکێشی سەدی لەهەردوو بڕگەی ( ٢ ) ژمارە( ٩ )یە کە بەزنجیرە هەردوکیان یەك ناوەندی شیاویان بە( ٣ )وەرگرتوە و بەهەمان شێوە کێشی سەدی( ١٠٠٪ ) یان تۆمارکردوە، دەقەکانیان بەم شێوەیە : (ئەستەمی لەجێبەجێکردنی بڕیار و ڕێنماییەکان بەهۆی بوونی دوو دەسەڵاتی ئیداری (حکومەتی ناوەندی و هەرێم کوردستان )و (جیاوازی موچە وکاتی پێدانی لەگەڵ مامۆستایانی میلاکی حکومەتی ناوەندی )، ئاشکرایە ئەو دووبڕگەیەیی کە بەڕێوەبەرەکان بە کێشەیان زانیوە لەیراسەی ( علي، ١٩٨٢، ١٢٢، ١١٦ ) لەچەندین شوێنی جیاواز ئاماژەی بۆکراوە وبەگرفت وئاستەنگی داناوە .

ئەوەی جێگەی سەرنجە بەڕێوەبەرەکان هەردوو بڕگەی ( ٧ ) بە ناوەندی شیاوی( ١,٧١ ) و کێشی سەدی( ٥٧,١٤ ) کە دەقەکە بریتیە لە :( کەمی دەسەڵاتی کارگێڕی ومادی لای بەڕێوەبەری قوتابخانەکان ) وبڕگەی ( ٦ ) بە ناوەندی شیاوی ( ١,٤٢ ) و کێشی سەدی( ٤٧,٦١ ) کە دەڵێت: (بوونی مامۆستای پسپۆڕ بۆ بابەتەکان ) یان بەکێشە نەزانیوە ، کە یەکەمیان

پەیوەندی بە دەسەلاتی خۆیانەوە هەیە و دووەم لەبوونی مامۆستای پسپۆڕ، ڕەنگە بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی بەگرنگی نەزانن دەسەلاتی مادی وکارگێڕی خۆیان، ئەگەر هاتوو لایەنی پەیوەندیدار ژێرخانی پرۆسەی پەروەردە لە دروستکردنی قوتابخانە و زیادکردنی پۆلی خوێندن و نەرمی نواندن لەگەڵ ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی حکومەتی هەرێمی کوردستان گرنگی پێبدات.

**خشتەی (٩) ناوەندی شیاویی و کێشی سەدی( بەڕێوەبەری قوتابخانە ) بواری دووەم (کێشە فێرکارییەکان )**

| ژمارەی بڕگە | بڕگەکان | پلە | ناوەندی شیاویی (یەکلاییکەرەوە) | کێشی سەدی |
|---|---|---|---|---|
| | بواری دووەم/ کێشە فێرکاریەکان | | | |
| ١٢ | پرۆگرامی خوێندن لەگەڵ ئاستی قوتابی و ژینگەی فێرکاری | ١ | ٣ | ١٠٠ |
| ٢٠ | وەرگرتنیان لەزانکۆ و پەیمانگاکانی هەرێم | ١ | ٣ | ١٠٠ |
| ١٣ | زمان وشێوەزاری بڕیارلێدراوی خوێندن بۆ مامۆستایان و قوتابیانی ناوچەکە | ٢ | ٢,٨٥ | ٩٥,٢٣ |
| ١١ | زانیاری و پێگەیاندنی پیشەیی مامۆستایان | ٣ | ٢,١٤ | ٧١,٤٢ |
| ١٤ | زۆری قەبارەی بڕیالێداروی خوێندن و کەمی کاتی تەرخانکراو بۆی | ٤ | ٢ | ٦٦,٦٦ |
| ١٦ | بواری هەڵسەنگاندن و تاقیکردنەوەکان | ٤ | ٢ | ٦٦,٦٦ |
| ١٥ | ڕێگای وانەوتنەوەی مامۆستا | ٥ | ١,٧١ | ٥٧ |
| ١٩ | زۆری ژمارەی قوتابیان لە پۆلی خوێندن | ٥ | ١,٧١ | ٥٧ |
| ١٧ | پەرتوك وپێداویستیەکانی خوێندنی کوردی | ٦ | ١,٤٢ | ٤٦,٦١ |
| ١٨ | گرنگیدان چالاکیەکانی پۆل و دەرەوەی پۆل لەبواری نەتەوەیی | ٦ | ١,٤٢ | ٤٦,٦١ |
| کۆی گشتی | | | ٢,١٥ | ٧٠,٦٦ |

لەخشتەی (٩) ئەوە نیشاندەدات کە بەڕێوەبەرەکان بڕگەکانی (١٢)و (٢٠) بە تەواوی بەکێشەیان زانیوە ، چونکە هەردوو بڕگە میچی ناوەندی شیاویان گەیشتوەتە(٣) وکێشی سەدیان(١٠٠٪) ئەمەش دەریدەخات پرۆگرامی خوێندن لەگەڵ ئاستی قوتابی و ژینگەی فێرکاری نەگونجاوە ، هەروەها وەرگرتنی قوتابیان لەزانکۆ وپەیمانگاکانی هەرێم کێشەیە لەسنووری ناوچەی توێژینەوە و سالانە دووبارە دەبێتەوە .

ئەمە و لەکاتێکدا بڕگەی (١٧) و (١٨) کە پێکرا کەمترین ناوەندی شیاویان بە(١,٤٢)وکێشی سەدی(٤٦,٦١) تۆمارکردوە باس لەو دەکات کە پەرتوك وپێداویستیەکانی خوێندنی کوردی و گرنگیدان بە چالاکیەکانی پۆل و دەرەوەی پۆل لەبواری نەتەوەیی بەکێشە نەژمارنەکراوە، ڕەنگە هۆی ئەمەش بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی بەڕێوەبەرەکان ئەو پێداویستانەیان بۆ دابین بکرێت وکێشەی لەو جۆرەیان ڕووبەڕوو نەبووبێتەوە .

## ئەنجام و ڕاسپاردە و پێشنیار

أ / ئەنجام : لەگرنگترین ئەنجامەکان :

- گرنگی نەدان لەلایەن وەزارەتی پەروەردە بە کێشە مادییەکانی پەروەردەی ناوچەکە.
- بوونی کێشە لەژێرخانی پەروەردەیی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان ( قەزای خانقین ).
- نەگونجاوی پرۆگرامی خوێندن لەگەڵ ئاستی قوتابی و ژینگەی فێرکاری .
- گرفتی وەرگرتنی قوتابی وخوێندکاران لە زانکۆ و پەیمانگەکانی هەرێمی کوردستان .
- جیاوازی موچەی مامۆستایانی خوێندنی کوردی میلاکی حکومەتی ناوەندی وحکومەتی بەهەرێمی کوردستان .
- نەگونجاوی ڕێنماییەکان لەگەڵ داکەوتی ژینگەی فێرکاری ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان ( قەزای خانقین ).

ب / ڕاسپاردە : لە ڕوانگەی ئەنجامەکانەوە گرنگترین ڕاسپاردەکان بریتین لە :-

- گرنگیدانی زیاتری وەزارەتی پەروەردە بە ژێرخانی پەروەردەیی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان
- بەدواداچوونی کێشە مادیی وکارگێڕییەکان لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی وبەڕێوەبەرێتی پەروەردەکانی ناوچەکە ، لە پێناو دۆزینەوەی چارەسەر.
- ئەنجامدانی کۆڕ و کۆبوونەوە لەگەڵ مامۆستایان و قوتابیان، لە پێناو کۆکردنەوەی داتا وزانیاری ورد لەسەر هەر بوارێك بەجیا و ئاڕاستەکردنی بەرەولایەنە پەیوەندیدارەکان.

ج / پێشنیار : لەژێر ڕۆشنایی بابەتی توێژینەوە توێژەرپێشنیار دەکات بە : -

- ئه نجامدانی توێژینەوەی هاوشێوە لەناوچە كوردستانیەكانی دیكەی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی كوردستان .
- توێژینەوە لە كێشەكانی قوتابیان و خوێندكاران لەناوچە كوردستانیەكانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی كوردستان .
- بەراوركاری كێشە پەروەردەییەكان لە پارێزگاكانی حكومەتی هەرێمی كوردستان و حكومەتی ناوەندی عێراق .

## لیستی سەرچاوەكان


بەزمانی كوردی/

١. ئاماری، بەرێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی گەرمیان، بۆسالی خوێندنی ٢٠١٥-٢٠١٦ ) .

٢. عزیز، كریم احمد( ٢٠١٢ ): پرۆگرامی پەروەردەیی، چاپخانەی پەیوەند، چاپی یەكەم،سلێمانی.

٣. عەزیز،كەریم ئەحمەد( ٢٠١٣ ): كەشكۆڵی مێژوو ، چاپخانەی پەیوەند ، چاپی یەكەم، سلێمانی.

٤. عزیز،كریم احمد( ٢٠١٣ ): گرفتەكانی وتنەوەی بابەتی مێژووی ئەوروپا لەڕوانگەی مامۆستایان و فێرخوازانەوە لە زانكۆی گەرمیان، گۆڤاری زانكۆی كۆیە،ژمارە٦٢، ٢٠١٣ .

٥. عزیز،كریم احمد( ٢٠١٤ ): بنەماگشتیەكانی رێگاكانی وانەوتنەوە، نارین بۆ چاپ وبلاوكردنەوە،چاپی یەكەم، هەولێر.

٦. عزیز،كریم احمد( ٢٠١٧ ):بنەماكانی پەروەردە، نارین بۆ چاپ وبلاوكردنەوە،چاپی یەكەم، هەولێر.

٧. كۆماری عێراق، وە زارە تی بە روە ردە. ( ١٩٨٧ ). بە ریوە بەریتی گشتی پەروە ردە ی هە ولێر، دایە رە ی سە رپە رشتكاری، بە روە ردە یی، كورتە ی كورە كانی هە لسە نگاندی سالانە، هە ولێر. ( ملخص ندوات التقويم السنوی ).

٨. كۆماری عێراق، وە زارە تی پەروەردە. ( ١٩٨٨ ). بەرێوبورێتی گشتی پەروەردەیی هەولێر، دایرەی سەرپەرشتكاری، پەروەردەیی، كورتەی راپۆرنەكانی سالانە هەولێر، ( ملخص التقارير السنويه ).

بەزمانی عەرەبی/

٩. أبو عواد، محمد أحمد( ١٩٩٤ ): المشكلات التعليمية لدى معلمي المرحلة الثانوية الأساس وعلاقتها بالتحصيل الدراسي وجنس الطالب ونوع السلطة المشرفة على التعليم،( رسالة ماجستير غير منشورة )، الجامعة الاردنية، كلية الدراسات العليا .

١٠. احمد و المغيصيب، شكري سيد ، عبد العزيز عبد القادر ( ١٩٨٨ ): سلوك الغش في الامتحانات وعلاقته ببعض المتغيرات المعرفية والنفسية والاجتماعية لدى بعض طلبة التعليم العالي ، قطر ، مجلة مركز البحوث التربوية ، المجلد ٢٤، العدد٣.

١١. البياتي ، عبد الجبار توفيق ، زكريا زكي ايناسيوس ، الاحصاء الوصفي والاستدلالي في التربية وعلم النفس ، مطبعة مؤسسة الثقافة العمالية ، بغداد ، ١٩٧٧م .

١٢. البجة، عبد الفتاح حسن. ( ٢٠٠٠ ):أصول تدريس العربية بين النظرية والممارسة للمرحلة الأساسية الدنيا، ط١، دار الفكر للطباعة والنشر والتوزيع، عمان، الاردن.

١٣. باقارش و الآنسي، صالح سالم، عبدالله علي( ١٩٩٦ ): مشكلات وقضايا تربوية معاصرة، الطبعة الثانية، دار الأندلس للنشر والتوزيع .

١٤. الحقيل، سليمان عبدالرحمن ( ١٩٩٤ ): الادارة المدرسية وتعبئة قواها البشرية في المملكة العربية السعودية، دار الشبل للنشر والتوزيع، الرياض .

١٥. حسون، فاضل وآخرون(٢٠١٠): أثر المعاملة الوالدية في ظاهرة الغش الدراسي والدافع للانجاز على طلبة الجامعة في ليبيا العظمى ، مجلة جامعة كربلاء العلمية ، المجلد الخامس ، العدد الرابع .

١٦. الحازمي خالد (٢٠١٢): أصول التربية الإسلامية ، مكتبة دار الزمان، المدينة المنورة .

١٧. خاطر، محمود رشدي وآخرون. (١٩٨٩). طرق تدريس اللغة العربية والتربية الدينية في ضوء الاتجاهات الحديثة، الطبعة الرابعة، بلا مكان طبع.

١٨. داود، عزيز حسن، وآخرون،مناهج البحث التربوي ،وزارة التعليم العالي ،جامعة بغداد،١٩٩٠.

١٩. دروزه ، أفنان نظير(١٩٩٩): معايير لتقويم المناهج وتطويرها، مجلة اتحاد الجامعات العربية،العدد (٣٦)،عمان، الأردن.

٢٠. الدراجي، سعد (٢٠٠٤): ظاهرة الغش أسبابها ،نتائجها،طرق معالجتها ، المعهد العالي لإعداد المعلمين . بلا مكان طبع.

٢١. رزق الله، مطر أحمد،(٢٠٠٠): القياديون والمعلمون المميزون يعزفون عن الادارة المدرسية،لماذا؟ ،وزارة المعارف، العدد٥٧،الرياض ، المملكة العربية السعودية .

٢٢. الساعدي، رملة جبار كاظم (٢٠٠٢): "اثر استخدام انموذجي ميرل تينسون وهيلداتابا التعليميين في اكتساب المفاهيم العلمية واستبقائها لدى تلميذات المرحلة الابتدائية"، (رسالة ماجستير غير منشورة)، الجامعة المستنصرية، كلية التربية الاساسية.

٢٣. سلطان، محمود السيد(١٩٨١): التخطيط التربوي على ضوء حاجات التنمية الاقتصادية والاجتماعية مع دراسة خاصة بالمملكة العربية السعودية، دار الحسام ، القاهرة،مصر .

٢٤. سمرة ومجدلاوي، محمود أبو، فداء(٢٠١٦): المشكلات التربوية تواجه طلبة الثانوية العامة(التوجيهي)في فلسطين"دراسة ميدانية في مدارس محافظة رام الله والبيرة"، المجلة الدولية التربوية المتخصصة، المجلد(٥)، العدد (٦)، حزيران٢٠١٦.

٢٥. الشراح،يعوب(٢٠٠٢):التربية وأزمة التنمية البشرية،مكتب التربية العربي لدول الخليج، الرياض ، المملكة العربية السعودية.

٢٦. الشيخ، محمود يوسف(٢٠٠٧): مشكلات تربوية معاصرة، دار الفكر العربي، القاهرة.

٢٧. فهمي و محمود، محمد سيف الدين، حسن عبدالملك(١٩٩٣): تطوير الادارة المدرسية في دول الخليج العربية، الرياض، مكتب التربية العربية لدول الخليج .

٢٨. قراقزة، محمود عبدالقادر علي(١٩٩٣) : نحو ادارة تربوية واعية، دار الفكر العربي ، بيروت، لبنان .

٢٩. الطريحي فاهم و حسين، ربيع حمادي(٢٠٠١): القياس والتقويم التربوي، جامعة بابل، كلية التربية .

٣٠. الكندري،لطيفة (٢٠١٠) :ظاهرة الغش في الاختبارات أسبابها وأشكالها من منظور طلبة كلية التربية الأساسية في دولة الكويت، كلية التربية ، الهيئة العامة للتعليم التطبيقي والتدريب ، الكويت .

٣١. العجيلي، صباح حسين حمزة (٢٠٠٥): القياس والتقويم التربوي،مركز التربية للطباعة والنشر، اليمن .

٣٢. عبيدات، ذوقان، وآخرون(١٩٩٢): البحث العلمي (مفهومه،أدواته،أساليبه)، دار الفكر للطباعة والنشر والتوزيع، الطبعة الرابعة،عمان، الأردن.

٣٣. عدس ، عبد الرحمن (١٩٨٠): مبادئ الاحصاء في التربية وعلم النفس ، الجزءالاول، الطبعة الثانية، منشورات مكتبة النهضة الاسلامية، عمان .

٣٤. الغريب ، رمزية(١٩٧٨): التقويم والقياس النفسي والتربوي، مكتبة الانجلو المصرية،القاهرة.

٣٥. علي، فؤاد محمد نواب(١٩٨٢): دور التخطيط التربوي في حل بعض مشكلات التخطيط في المملكة العربية السعودية، رسالة ماجستير منشورة،جامعة أم القرى، السعودية.

٣٦. مخامرة،كمال يونس(٢٠١٢):مشكلات الادارة الصفية في المدارس الثانوية في محافظة الخليل من وجهة نظر المعلمين،مجلة دراسات نفسية وتربوية،العددالثامن، حزيران ٢٠١٢.

٣٧. النير ، مصطفى عمر (١٩٨٠): الغاية تبرر الوسيلة دراسة اجتماعية لظاهرة الغش في الامتحانات.

٣٨. الونداوي،صباح جليل خليل(٢٠٠٧):أثر أنموذجي ميرل-تينسون وكلوزمايرالتعليميين في اكتساب تلاميذ المرحلة الابتدائية المفاهيم النحوية في مادة قواعد اللغة الكردية والاحتفاظ به،(أطروحة غير منشورة)، جامعة بغداد،كلية التربية ابن رشد.

٣٩. وزراة التربية :الاحصاء التربوي في العراق (٢٠٠٣-٢٠٠٤)

٤٠. اليونسكو، منظمة الامم المتحدة للتربية والعلم والثقافة(٢٠١٣): استراتيجية اعداد المعلم وتطويره المهني، مكتب العراق .

بەزمانی ئینگلیزی/

41. Ebel, robert, (1972): “Essontionals of Educational measurement”, (2 ded) prentc-Hall, New Jersey
42. Fisher , Eugene C.( 1956):" A National Survey of the Beginning Teacher",In : Yeuch , Wilbur A. : The Beginning Teacher : NewYork , Holt .
43. Good (1973): C. V, Dictionary of Educational , Mc , Grow – still Book Company , New York
44. Oxford advanced learners dictionary, (2005)Oxford advanced press
45. Talbot, L. (1995).Principles and Practice of Nursing Research, (p. 318)

ئەنترنێت/

٤٦. محمد، ماجد: خانقين بين الماضي والحاضر ، http://www.pukmedia.com 16/1/2016 16:13:00

٤٧. (www.iraqpressagency.com )

٤٨. اليونسكو، www.unesco.org/new/ar/unesco


پاشكۆی (١)

توێژەر كە ناو ناونیشانی لە خوارەوە هاتوە، بەنیازی ئەنجامدانی توێژینەوەیەكە بەناوی (كێشە پەروەردەییەكانی خوێندنی كوردی لە ناوچە كوردستانیەكانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم" ناوەندی قەزای خانقین وەك نمونە")، توێژەر دەیەوێت لەرێگەی ئەم فۆرمە راوەرگریەیی بەردەستتان درك بەو كێشانە بكات كە جەنابتان وەك (مامۆستا یان بەرێوەبەر یان سەرپەرشتیار) هەستی پێدەكەن لەسێكتەری پەروەردە لەشێوەی رستە و بەشێوەی خالْ بۆمان بخەنەروو . سوپاسی هاوكاریكردنتان دەكەین

بوارەكان:

- كێشە كارگێریەكانی ........... ............. ................ ...............
- كێشە فێركاریەكانی ........... ............ ................ ...............
- تكایە، هەر رەوشێكی دیكە بە كێشەی دەزانیت لە پشتەوەی پەرەكە بینووسە .

پرسیارەكان:

- چ كێشەیەك لەرووی كارگێریەوە هەست پێدەكەیت وەك كاراكتەرێكی سەرەكی كە بەركەوتنی رۆژانەتان هەیە لەم بوارە .
- گرنگترین ئەو كێشە فێركاریانە چین كە رووبەرووی پرۆسەی پەروەردە بوەتەوە لەسنورەكەتان (قەزای خانقین)

- تکایە، هەر بارێکی دیکە بە کێشەی دەزانیت بۆمان ئاشکرا بکە

پاشکۆی ( ٢ )

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان

وەزارەتی خوێندنی بالاَ وتوێژینەوەی زانستی

زانکۆی گەرمیان

کۆلێجی پەروەردەی بنەڕتی

ب/ ڕاوەرگری

سلاَوی زانست.

بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەیەك بەناونیشانی (کێشە پەروەردەییەکانی خوێندنی کوردی لە ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم"ناوەندی قەزای خانقین وەك نمونە")، توێژەر ئەم فۆرمی ڕا پرسیە دەخاتە بەردەست ئێوەی بەڕێز، لەو ڕوانگەیەیی جەنابتان ڕەگەزێکی گرنگی پرۆسەی پەروەردە و فێرکردنن و ئەم توێژینەوەیەیی ئێمەن، بەوهیوایەیی ببێتە جێگەی گرنگی پێدانتان و وەلاَمەکانتان بەشێوەیەکی بابەتیانە بەدانانی هێمای( √ ) بخەنەڕوو لەو خانەیەیی بەگونجاوی دەزانن (کێشەی سەرەکیە،کێشەی لاوەکیە،نابێتە کێشە).

هاوکاریتان جێگەی ڕێزە .

توێژەر

م. کریم أحمد عزیز

فۆرمی ڕاوەرگری تایبەت بە/(کێشە پەروەردەییەکانی خوێندنی کوردی لە ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم"خانقین وەك نمونە")

| ز | بڕگەکان | کێشەی سەرەکیە | کێشەی لاوەکیە | نابێتە کێشە |
| --- | --- | --- | --- | --- |
| | بواری یەکەم/ کێشە کارگێڕییەکان | | | |
| ١ | گرنگی نەدان لەلایەن وەزارەتی پەروەردە بە کێشە مادییەکانی پەروەردەی ناوچەکە | | | |
| ٢ | ئەستەمی لەجێبەجێکردنی بڕیار و ڕێنماییەکان بەهۆی بوونی دوو دەسەلاَتی ئیداری (حکومەتی ناوەندی و هەرێم کوردستان) | | | |
| ٣ | نەگونجاوی بڕیار و ڕێنماییەکان لەگەلَ داکەوتی (واقع)ی پرۆسەی فێرکاری | | | |
| ٤ | ڕەچاونەکردنی باری تایبەت لەگشتاندنی ڕێنماییەکان | | | |
| ٥ | بینای قوتابخانە و ژووری پێویست بۆ پۆلی خوێندن و کاروباری کارگێڕی | | | |
| ٦ | بوونی مامۆستای پسپۆڕ بۆ بابەتەکان | | | |
| ٧ | کەمی دەسەلاَتی کارگێڕی ومادی لای بەڕێوەبەری قوتابخانەکان | | | |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٨ | كاركردن بەسیستمی كارگێڕی و ئەرشیفكردنی كۆن | | | |
| ٩ | جیاوازی موچە وكاتی پێدانی لەگەڵ مامۆستایانی میلاكی حكومەتی ناوەندی | | | |
| ١٠ | نەبوونی پلانی درووستكردنی ژێرخانی پەروەردەیی لەناوچەكە | | | |
| بواری دووەم/ كێشە فێركاریەكان | | | | |
| ١١ | زانیاری و پێگەیاندنی پیشەیی مامۆستایان | | | |
| ١٢ | پرۆگرامی خوێندن لەگەڵ ئاستی قوتابی و ژینگەی فێركاری | | | |
| ١٣ | زمان وشێوەزاری بڕیارلێدراوی خوێندن بۆ مامۆستایان و قوتابیانی ناوچەكە | | | |
| ١٤ | زۆری قەبارەی بڕیالێداروی خوێندن و كەمی كاتی تەرخانكراو بۆی | | | |
| ١٥ | ڕێگای وانەوتنەوەی مامۆستا | | | |
| ١٦ | بواری هەڵسەنگاندن و تاقیكردنەوەكان | | | |
| ١٧ | پەرتوك و پێداویستیەكانی خوێندنی كوردی | | | |
| ١٨ | گرنگیدان چالاكیەكانی پۆل و دەروەی پۆل لەبواری نەتەوەیی | | | |
| ١٩ | زۆری ژمارەی قوتابیان لە پۆلی خوێندن | | | |
| ٢٠ | وەرگرتنیان لەزانكۆ و پە یمانگاكانی هەرێم | | | |

***تێبینی : تكایە ، هەر ڕەوشێكی دیكە بە كێشەی دەزانیت لە پشتەوەی پەڕەكە بینووسە . ←**

**پاشكۆی ( ٣ )**

**لیستی داوەر و شارەزاكان**

| ژ | ناو | بڕوانامە | نازناوی زانستی | پسپۆڕی ورد | ناونیشان | فۆرمی ڕاوەرگری |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | د.جواد نعمت حسين | دكتۆرا | پرۆفیسۆر | ڕێگاكانی وانەوتنەوە | زانكۆی سلێمانی/ كۆلێجی پەروەردەی بنەرەت | ✓ |
| ٢ | د.نظام عبدالجبار حسين | دكتۆرا | پ.ی | ڕێگاكانی وانەوتنەوە | زانكۆی سلێمانی/ كۆلێجی پەروەردەی بنەرەت | ✓ |
| ٣ | د.ندوى محمد محمدشريف | دكتۆرا | پرۆفیسۆر | فەلسەفەی پەروەردە | زانكۆی گەرمیان/ كۆ. زانستە مرۆڤایەتیەكان | ✓ |
| ٤ | د.مناضل عباس قاسم | دكتۆرا | پ.ی | ڕێگاكانی وانەوتنەوەی كوردی | زانكۆی گەرمیان/ كۆ. پەروەردە | ✓ |
| ٥ | د.حسين اسماعيل على | دكتۆرا | پ.ی | كۆمەڵناسی | زانكۆی گەرمیان/ كۆلێجی پەروەردە | ✓ |
| ٦ | د.سرمد صلاح محي الدين | دكتۆرا | مامۆستا | فەلسەفەی پەروەردە | زانكۆی گەرمیان/ كۆ. زانستە | ✓ |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | مرۆڤایەتیەکان | |
| ٧ | د.زاناعوسمان محمد | دکتۆرا | مامۆستا | ڕێگاکانی وانەوتنەوە | زانکۆی چەرموو/ کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت | ✓ |
| ٨ | محمود شفيق حميد | ماستەر | مامۆستا | ڕێگاکانی وانەوتنەوەی بیرکاری | زانکۆی گەرمیان/ کۆ. زانستە مرۆڤایەتیەکان | ✓ |
| ٩ | م.سرحد محمد سمين | ماستەر | مامۆستای یاریدەدەر | کۆمەڵناسی | کۆلێجی پەروەردەی بنەرەت | ✓ |


## Abstract:

If we imaging education as life, so there is no life without problems. Especially a crucial sector such as education which has Clashing with a wise and intellectual man. thus paying attention to know the issues and determining the quality and quantity of the issue is a key factor to correct the aspect of education towards its right way. this study is entitled as (The educational issues of kurdish studying in Kurdisani Areas outside Kurdistan region administration(Centre of Khanaqeen district) has taken as an example , in which the researcher tries to indicate the educational issues of kurdish studying through the way of a survey form which is consisted of two fields . first/management issues , second/ teaching issues that composed of 20 sections, the problems, objectives , importance , society are elucidated within the study with explanation of concepts and theoretical background of the study, The most important conclusions are(the ministry of education doesn’t support the education of the area financially, the problem of neglecting the educational infrastructure , the unsuitable education curriculum with the level of the students, With the problem of admission to the regional institutes and universities, As well as the difference between teachers’ salaries of the central government and the Kurdistan Regional Government, The lack of relevance of education with the reality of the educational environment. Finally, the researcher presented some suggestions and recommendations, So, we hope that the conclusions and recommendations of this study are taken in consideration.